# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکــراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانە و زانیارییەکــان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) دەری دەکات
ژمارە (٦) ٢٠١٠/٣/١٣




## دیاری سەرۆکی حکومەت بۆ هەردوو کتێبخانەی گشتیی هەولێر و دهۆك


د. بەرهەم لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی (٢٠٠٩/١٠/١٣)

رۆژی ٢٠١٠/٢/١٨، لـەمیانی کۆبوونەوەیـەکی سەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان رێـزدار (د. بەرهـەم ئەحمـەد سـالح) لەگـەڵ یـەکێتی نووسـەرانی کـورد لقـی هـەولێر، کـە تیایـدا ژمارەیەك لەئەندامانی لقـەکانی تـری نووسـەران ئامادەیبوون، بەڕێز ئاسۆ حەسەن "بەڕێوەبەری گـشتیی کتێبخانـە گـشتییەکان" کـە وەکـو ئەنـدامێکی یەکێتییەکە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، داوای لەسـەرۆکی حکومـەت کـرد کۆمـەکی تەکنیکی هـەردوو کتێبخانـەی گشتیی هـەولێر و دهۆك بکات، بەڕێزیشی (٥٠) کۆمپیوتەری جۆری (لاپتـۆپ)ی کـردە دیـاری کتێبخانـەی هـەولێر و بەدرخانیان لە دهۆك، ئەمـەش وەکو پشتیوانی بـەڕێزیان بـۆ کتێبخانـە گـشتییەکانی هـەرێمی کوردستان.

جێـی ئاماژەیـە هـەر لەلایـەن بەڕێزیانـەوە، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لەماوەیەکی نزیکی پێـشوودا (٢٥) کۆمپیوتـەری جـۆری (دیسکتۆپ)ی بەدیاری پێبەخشرابوو، هـەروەك لـەژمارەی رابـردووی بڵاوکراوەکەماندا ئامـاژەی پێدرابوو.

## کتێبخانەی نیشتمانیی فەرەنسا روو لەسەردەمی ئەلیکترۆنی دەکات


الشرق الاوسط

سەرپەرشـتیارانی کتێبخانـەی نیـشتمانیی فەرەنسا، لەگەڵ googllدا لەدانووستاندان بە مەبەسـتی پاراسـتنی هـەموو سەرچـاوەکانی کتێبخانەکـە لەچـاپکراوو وێنـەو دەسـتنووس لەسەر سیدی، تا لەنێو کتێبخانەی ئەلیکترۆنیدا بپـارێزرێن، بـەپێی بۆچـوونی چـاودێران، رێککـەوتن لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە نزیکـە، کـە بەمـەش ئـەو کتێبخانـە بەناوبانگـەی سـامانە مەعریفییەکـەی گەیـشتووەتە(٢٠) ملیـۆن سەرچاوە، بەقۆناغێکی زانستیی نوێتر دەگات.

(لـە لاپـەڕە ٣ دا راپۆرتێـك لەسـەر ئـەم کتێبخانەیـە دەخوێنینەوە).

## نووسەری هاری پۆتەر میدالی پێبەخشرا

Akhbar way. Com

نیکـۆلا سـارکوزی سـەرۆکی فەرەنـسا، لەئاهەنگێکـدا میـدالی شـەرەفی بەپلـەی (شۆڕەسوار) بەخشییە خاتوو (جی کی رولنج)ی نووسەری زنجیرە رۆمانی هاری پۆتەر.

ئـەم خەڵاتـەش یەکێکـە لەخەڵاتـە ئەدەبییـە گرنگەکان کە ساڵی ٢٠٠٩ بەخشراوەتە نووسەرە جیهانییەکان.




## چیرۆکی فەوزیە مەنمی لەبەشی چالاکیی منداڵان


بڵێسە



رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٠، بەشـی چـالاکیی منـداڵان لەکتێبخانـەی گـشتیی سـلێمانی، نمایـشێکی تایبەتی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکی خاتوو (فەوزیە مـەنمی)ی نووسـەرو (کارمەنـدی کتێبخانـە) بەوێنەوە سازکرد.

لـەم نمایـشەدا، کـە ژمارەیـەك لەمنداڵـە چاوگەشـەکان ئامـادەیبوون، (مـەنمی) چـیرۆکی (دیارییەکـەی کـارۆ)ی خوێندنـەوە و هاوکـات خاتوو (سروە مەحموود) کارمەندی کتێبخانە کە وێنـەی بـۆ چـیرۆکەکە کێـشابوو، لەگـەڵ خوێندنەوەی ئەودا وێنەکانی نمایش دەکرد.

شـایەنی باسـە، تەلـەفزیۆنی پـەروەردە ئـەم نمایـشەیان تۆمـارکرد تـا لـە بەرنامەکانیانـدا پێشکەش بە منداڵانی بکەن.

ئـەم بەشـە، بـەردەوام چـالاکییە هونـەری‌و ئەدەبییـەکانی پێـشکەش بـە جگەرگۆشـەکانی شارەکەمان دەکاتو لەپێناوی قاڵبوونی بەهرەی منداڵاندا چالاکییەکانی دەنوێنێ.

## پێشنیازێک

### بەرەو کۆنفرانسی کتێبخانە گشتییەکان

سـاڵی رابـردوو، بەڕێوەبـەرێتی گـشتیی کتێبخانـە گـشتییەکان، دوای راوێـژ لەگـەڵ بەڕێوەبـەرێتی کتێبخانـەکان لـە شـارەکانی کوردسـتاندا، بڕیاریـدا لـەنزیکترین وادەی سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٠دا، کۆنفرانـسێکی تایبەت بـۆ (واقیعـی کتێبخانـە گشتییەکان لەکوردسـتانداو ئاسـۆکانی ئاییندە)ی ببەستێ.

هاوکات، لەچـەند بۆنـەو دیدارێکی بـەڕێز (وەزیـری رۆشـنبیری‌و لاوان)دا لەگـەڵ بەرپرسـانی کتێبخانـەکان، جـەخت لەسـەر ئامادەکـاری کراوەتـەوە بـۆ ئامـادەکردنی بەرنامەی پێویست بۆ ئەو کۆنفرانسە.

هەڵبەت، بەستنی کۆنفرانسێکی وەها لـەم هەلومەرجەدا، کە زیاد لـە (٦٠) کتێبخانـەی گـشتیی لـە شـارو شارۆچـکەکاندا بەشـێوەیەکی بـەردەوام خزمـەتگوزاریی خۆیان پێشکەش دەکـەن، گرنگیـی خـۆی هەیـە و قـسەکردن لەسـەر کێـشەی کتێبخانەکان، کارێکی هەنووکـەیی یـەکجار پێویستە و خەمخۆرانی ئەم بوارە بایەخدارو هەسـتیارە، زۆر بـەیان خۆزگـەی خۆیـان بەسـتووەتەوە بـەو بابـەتو پێـشنیازو راسـپاردانەوە کـە لەکۆنفرانـسەکەدا دەخرێنەبەر باس‌و لێکۆڵینەوە.

جێی سەرنجە، وەزارەت مەبەستێتی کە بێجگە لە کادیرە سەرەکییەکانی کتێبخانە گـشتییەکان، ژمارەیـەك لـە پـسپۆڕو مامۆستایانی بواری زانستی زانیارییـەکان‌و کتێبخانـە، لـەو کۆنفرانـسەدا بەشـدارین. لێرەوە پێشنیاز دەکـەین بـەر لەبەسـتنی کۆنفرانـسەکە، لایـەنی پەیوەندیـدار کـە بەڕێوەبـەرێتی گـشتیی کتێبخانەکانـە، بەرنامـەی رۆژانـی کۆنفرانـسەکەو تـەوەرە سـەرەکییەکانی بگەیێنێتـە بەشـداران، تـا پێشوەخت ئامادەباشیی وەربگیرێت.

سەرنووسەر


5 بەشەکانی کتێب

6 خوێندنەوە لای منداڵ

7 کتێبخانەی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر

10 بەرنامەڕێژی لەڕێگای کتێبەوە

## لەناوە درەوشاوەکانی کتێبخانەی کوردی

# نەجمەدین مەلا

## (١٨٩٣-١٩٦٢)

**ئا. راستی**


نەجمەدین مەلا

"نەجمەدین" کوڕی مەلابرایمەو بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر پیرخدری شاهۆ، باپیرانی نەجمەدین مەلا، نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەناوچەی سلێمانی دا خزمەتی زانستو ئەدەبیاتیان کردووە، خودی نەجمەدین مەلایش، زیاد لە ٤٠ ساڵ خزمەتی زمانو ئەدەبی کوردیی کردووە.

لەجێگای کارەکەیدا کە بە (کەشتی نوح) ناوی نابوو، بەخەتی دەستی خۆی سەدان بەرهەمی شاعیرو زانایانی کوردی نووسیوەتەوەو دواتر بوونەتە باشترین سەرچاوە بۆ چاپی دیوانو کتێبو ژێدەری توێژینەوە زانستیو ئەدەبیو رەخنەییەکان.

لە گەلێ گۆڤارو رۆژنامەی کوردیدا، بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە (زاری کرمانجی)ی رۆژنامەنووسیی گەورە "حسێن حوزنی"، تادەگات بە رۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامەنووسی مەزن، لە شاری سلێمانی.

ئەم ئەدیبە نەمرە، چیرۆكو بابەتی بۆ منداڵان نووسیوە، هەرچۆن بابەتی ئەدەبیو چیرۆکی منداڵانیشی لە هەردوو زمانی عەرەبیو فارسییەوە کردووە بە کوردی، لەرۆژنامەی (ژین)یشدا بەزنجیرە لە ژێر ناوی (شاعیرە بەناوبانگەکانمان)، ژیانی شاعیرانی کوردی تۆمارکردووە.

لە (کەشتی نوح)ی مامۆستادا، زیاتر لە شەشسەد خوێنکار پەروەردەکراون، ئەوانەی سەختیی ژیان نەیهێشتبوو بخوێنن، لەسەر دەستی ئەو زاتەدا، فێری نووسینو خوێندنەوە بوونو فێری زانستو ئەدەبی ئەو مێشکە گەورەیە بوون، ئەوانە، تیایاندایە کە دواتر بوونەتە نووسەرو شاعیری ناسراو.

دوا دوای ژیانی، بۆ رزگار بوون لە تاڵییەکانی رۆژگار، سەری کردۆتە سەر بادەی مەیو لە رۆژێکی مانگی نیسانی بەهاریدا، گیانە پەرۆشەکەی چووەتەوە لای پەروەردگارو خەڵکی سلێمانی بە (گردی مامە یارە) یان سپاردووە، پاش چەند ساڵێك، لەسەر وەسیەتی خۆیو بە هەوڵی رووناکبیرانی شارەکەی، مەزارەکەی بۆ سەرچیای ئەزمڕ گوێزراوەتەوە.

لێرەدا، چەند وشەو واتایەك لە فەرهەنگی (نەجمەدین مەلا)وە دەخەینەوە بەرچاو:

- دەفتەر: گەنجینەی وتە
- نووسینگەی پارێزەر: جێگای فرۆشتنی قسە
- لێبوردەیی: زەکاتی زوڵم
- پاڕانەوە: چەکی لاوازەکان
- سەرخۆشیی: شێتبوونی کاتی
- مزگەوت: یانەی هەژاران
- ئەشکەوت: ئوتێلی دڕندەکان
- زانای بێبەرهەم: درەختی بێبەر
- کچی جوانی نەزان: گوڵی بێبۆن
- تریفەی مانگ: کارەبای خۆڕایی

سەرچاوە: **جمال بابان، اعلام كرد العراق، السلمانية، المديرية العامة للطباعة والنشر، ٢٠٠٦.**

## لەکۆتایی شەستەکاندا

# چۆن کتێبەکانمان رزگارکرا؟

**مارف ناسراو**

لە ساڵی ١٩٦٧– ١٩٧٢، لەسەر شەقامی مەولەوی، بە پاڵ دیواری بەریدەکەی ئەوسا، کتێبم دەفرۆشت، بۆ ریزکردنی کتێبەکانم لەسەر دوو فایبەری گەورە بەشێوەیەکی رێكوپێك، ریزم کردبوون، رێی رێبواریشی نەگرتبوو.

رۆژێك بۆ چەند چرکەیەك، رۆیشتم بۆ مزگەوتی بێخودو بەهاوڕێی خوالێخۆشبووم (مەحموود خاکی)م وت "ئاگاداری کتێبەکانم بە، ئێستا دێمەوە"، کاتێ گەڕامەوە عارەبانە بۆڵبرینەکەمو هەرچی کتێبو فایبەرم هەبوو، هیچی لەوێ نەمابوو!

کۆمەڵێ منداڵی بۆیاخچی کە لەوێ بوون، هەر کە منیان بینی بەزوویی هاواریان کرد "کاك مارف، ئوتۆمبیلەکەی شارەوانیی، ئەها لەدوورەوە دەڕوات، هەموو شتەکانتیان پێچایەوەو بارکردو بردیان"، وتم "ئەی مەحموود خاکی کوا؟"، وتیان "چوو بۆ شارەوانی".

شارەوانی ئەوسا بەرامبەر ئێمە لە بازاری (عەسری) لەنهۆمی دووەمی سەرەوەدا بوو، منیش خێرا بۆ شارەوانی رام کرد، بەڵام بۆ لای کێ؟ کە مشورخۆری کتێب بێو بە فەرمانی ئەوان بارکراوەتە ئوتۆمبیلی خۆڵڕشتنەوە بۆ فڕێدان؟

ئەو پیاوەی چوومە لای، فریادڕەسو تێکۆشەرو ئەدیبی گەورەو ناسراو، خوالێخۆشبوو مامۆستا "موحەڕەم محەمەد ئەمین" بوو، کە ئەو کاتە، کاربەدەستێکی باڵای شارەوانی بوو.

لەو دەمەدا مامۆستا، یەکێك بوو لەئەندامە کاراکانی دەستەی نووسەرانی "بڵاوکراوەی سلێمانی" کە شارەوانی دەری دەکرد، ئەوەبوو دواتریش ساڵی ١٩٧٤ بوو بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بەڵام دوای چەند مانگێك، هەر خۆی وازی لەو پۆستە هێنا.

جێی سەرنجە ئەو نووسەرە هەڵکەوتووە، ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٤٨، ئەمینداری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بووە، لەسەر خۆپیشاندان دژی مۆرکردنی (پەیمانی پۆرتسموث) دەستگیرکراو خرایە بەندیخانەوە.

هەر کە گەیشتمە ژوورەکەی، بینیم (خاکی) لەوێ وەستاوە، پێمان وت " هەرچی کتێبمان


موحەڕەم محەمەد ئەمین

هەیە، شارەوانی باری کردو بردنی تا فڕێی بدەنە شوێنی زبڵخانەوە"!

دەمەودەست، هەستایە سەرپێو فەرمانی دا "ئادەی خێرا بنێرن بە دوای ئوتۆمبیلەکەدا، خێرا کتێبەکانی ئەم دوو بەرێزە بگێڕنەوە بۆیان". هەر بەو شێوەیەو دوای ساتێ، کتێبەکانیان بۆ گێڕاینەوە، منیش لەگەڵ سەر لەنوێ دانانەوەو رێکخستنیاندا، خەیاڵم چووەوە بۆ لای چیرۆکەکانی مامۆستا موحەڕەم کە پڕاوپڕن لەبیری خاوێنی کوردایەتیو کاراکتەرە ئاشناکان بەشاری سلێمانیو هەموو کوردستان.

لەو رۆژەوە تا ئەو کەسایەتییە لە شارەوانی بوو، ئێمەیان وەڕسو جاڕسو سەغڵەت نەکردو زۆر بە سەربەستیو ئازادی لەسەر ئەو شەقامە خزمەتی کتێبو بژێوی خۆمان ئەکرد.

سەد حەیفو مەخابن، ئەو پیاوە گەورەیە رۆژی ١٩٨٠/٧/٢٣ لەئەنجامی دەستگیرکردن لەلایەن داموودەزگا فاشییەکانی ئەمنەوە، گیانی لەدەستداو بووە هێمایەك بۆ شارەکەیو (گردی شەهیدان).

# لاپەڕەیەك لەمێژووی چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا

**شاعۆ عوسمان**

سەرەتای دەمەزراندنی "چاپخانە" لە عیراقدا، بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، کە یەکەمین چاپخانە لە "کازمیەی بەغداد" دانرا و لە ساڵی ١٨٢١دا، یەکەمین کتیبی (دوحة الوزراء فی تأريخ وقائع الزوراء) چاپ کرا. بەڵام لە ساڵی ١٨٥٩دا، لە موسڵ چاپخانەیەکی تەواو دامەزرا، ئەم چاپخانانە بەردەوام نەبوون لە چاپکردنو بڵاوکردنەوە، بەهۆی خراپیی باری دارایيو کەمی داهاتی خەڵکیو رانەهاتنی خەڵك لەسەر کڕینی کتێب، هەروەها هەر یەکە لە لایەنی کۆمەڵایەتیو سیاسیو رۆشنبیریی ئەو سەردەمە، کاریگەریی خراپی لەسەر چاپ و بڵاوکراوە هەبوو.

لە ساڵی ١٨٦٩دا مەدحەت پاشا، چاپخانەیەکی بە ناوی (الولاية) دانا کە رۆژنامەی (الزوراء)ی زمانحاڵی دەوڵەتی ئەوکاتە بوو، بەهەردوو زمانی تورکی و عەرەبی.

ئەم چاپخانەیە بە هەڵم کاری کردووە، پاشان لە بەسرەو موسڵ، چاپخانەی تر بنیات نران، ئەوەی جێگای ئاماژەیە، لە ساڵانی نێوان جەنگی جیهانی یەکەمو دووهەمدا، چاپخانەکان پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی.

لە کوردستانیشدا رۆڵی مامۆستا (حوسێن حوزنی موکریانی) وەك چاپخانەیەکی ئەهلی لە هونەری چاپ و بڵاوکردنەوەو دامەزراندنی چاپخانە لە کوردستاندا، بەئاشکرا دیارە، کە هەوڵێکی تاکە کەسییە. مامۆستا حوزنی لە ساڵی ١٩١٤دا، چاپخانەکەی لە وڵاتی ئەڵمانیا کڕیوە و بۆ وڵاتی شام گواستویەتیەوە، لە ساڵی ١٩١٥دا لەبازاڕێکی شاری حەڵەب چاپخانەکەی دامەزراندووەو بابەتەکانی ئەدەب و مێژووی کوردی، بڵاوکردۆتەوە، لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیەکاندا چەند جارێك دەستگیرکراوە، کە ئازاد بووە رووی لەڕەواندوز کردووە.

لەسەر داوای سەید تەهای شەمزینی کە ئەو کاتە قائمقامی قەزای ڕەواندوز بووە، لە ساڵی ١٩٢٥دا مامۆستا (حوزنی) چاپخانەکەی بۆ شارە دێرین و دلگیرەکەی کوردستان "ڕەواندوز" گواستووەتەوەو کۆمەڵێك بەرهەمی خۆیی و کەسانی تری، چاپ وبڵاوکردۆتەوە:

*ئەو بەرهەمانەی کە چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەو ماوەیەدا کە چاپخانەکەی لەشاری حەلەب بووە بریتی بوون لە:*

١- مەم و زینی ئەحمەدی خانی/ ساڵی ١٩١٥.
٢- مێژووی مێرگەی دلان / ساڵی ١٩١٦.
٣- گۆڤارەکانی (ئارارات، کوردستان، بۆتان، چیا، کرمانج، دیاربەکر، سۆران).

شایەنی باسە، بەشێوەیەکی نهێنی ئەم رۆژنامانەی چاپو بڵاوکراونەتەوەو هەریەکەیان لە دە ژمارە زیاتری لێدەرنەچووە.

لەم کارە سەختەیدا، هەر خۆی نووسەرو بڵاوکەرەوەی سەرەکیی رۆژنامەکانی بووە، بۆ یەکەم جار کەسێکی کورد خۆی بەشدار و کاریگەریی هەبووە.


حوسێن حوزنی موکریانی

*گۆڤاری کوردستان* : ئەم گۆڤارەی لەگەڵ (محەمەد میهری)دا (٣٧) ژمارەی چاپو بڵاوکردۆتەوە، گۆڤارێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو وێژەییو زانستی بووە، حەفتانە بە زمانی کوردیو تورکی بڵاوبووەتەوە، لە ساڵی١٩١٧ یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەتەوەو ساڵی ١٩١٨ داخراوە، هەروەها موکریانی توانیویەتی بە ئەركو ماندووبوونی خۆی، هەژدە کتیب چاپو بڵاوبکاتەوە.

ئەو سەردەمەی ئینگلیز هاتنەوە سلێمانی و بۆ جاری دووەم حوکمداری شێخ مەحموودیان لەناوبردو شێخی نەمر بەزامداری بەدیل گیرا لە دەربەندی بازیان.

ساڵی (١٩١٩) میجەرسۆن کە هاتووە لە بەغداوە لەگەڵ خۆی چاپخانەیەکی هێناوە کە بە "چاپخانەی حکومەت" یان "شارەوانی" ناوبراوە، بەو چاپخانەیە، رۆژنامەی (پێشکەوتن) لە سەردەمی ئینگلیزدا چاپ کراوە.

پاشان (بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی هەق) بەهەمان چاپخانە لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحموودو شۆڕشەکانی لە شاری سلێمانیو ئەشکەوتی جاسەنە، چاپ کراون.

**سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

**ژیاننامەی مێژونووسانی کورد، عوسمان سەید قادر، سلێمانی، ٢٠٠١.**

ئەم کتێبە

• **پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ**

## جورجی زێدان

یابڵێم ئـەم کتێبانـە، ئەوانـەی قـەدری قەلعەچـی لەڕووی بیرەوە رایدەکێشاین، بەڵام لەو سەردەمەدا (ساڵانی ١٩٤٦و بەدواوە) کـە کتێـب کـەمبوو، هـەر کتێبە چەند کەس دەماندا بەیەك، ڕۆمانـە مێـژوویی یەکانی جـورجی زێـدان بـاوبوون، ئـەو نووسـەرەش لوبنانی بوو، لەمیسر پێگەیبوو، هەر لەوێش ژیا، با بـە ئـاین مەسـیحیش بووبـێ، بـەڵام ڕۆمانـەکانی لــەبارەی مێــژووی عــەرەبو ئیــسلامەوە بــوو، جیاکردنەوەی راستیی مێژوویی لە هونەرو تەکنیکی ڕۆمان یا لەبەر ئـەو هۆیـە، کـە ئـەوەکاری پـسپۆرو لێکۆڵەرەوەیـە، هەنـدێ کەسـی زۆر موسـوڵمانیش رەخنــەی لێــدەگرتو لای وابــوو لەبــەر ئــەوەی موسوڵمان نی یە هەندێ شتی تێکداوە، بـەڵام مـن باوەڕم وا نی یە.

ئێمـە ئەوسـاو مـن ئێـستاش نـاوی(سـەلاحەدین) رامدەکێشێ، ئەوە بوو لەباسـی قـەدری قەلعەچـیدا ئەو کتێبەی لەبارەی سـەلاحەدینەوە رایکێـشام بـۆ خوێندنــەوەی زنجیرەکــە، لای جــورجی زێــدانیش ڕۆمـــانی (ســـەلاحەدینو فێڵـــی بـــەنگ کێـــشان) واتە(صلاح الدینو مكائد الحشاشين) رایکێشاین بـۆ خوێندنــــەوەی هــــەموو زنجیرەکــــە، لەوێــــدا ئــــەو وادەردەخا کە(ئیسماعیلی یەکان– کە بەحەشاشین ناویان دەبا) هەڕەشەیان لە سەلاحەدین کـرد بـەڵام نەیانکوشت، بێگومان ڕای من یـا گـەلێکی وەك مـن لەسەر ئیسماعیلی یەکان جیایە لـەجورجی زێـدان، دیارە ئیسماعیلی ئەوەیان لـە سـەلاحەدین گرتبـوو کە دەوڵەتی فاتیمی(فـاطمی)ی لەمیـسر نەهێـشتو بنەماڵەی کوردی ئـەیووبی بـوون بەحوکمـدار، هـەر لەبەر ئەوەش کە بەباشی باسی سەلاحەدین کراوە. شـــاعیر(أ. ب. هـــەوری) ئـــەو ڕۆمانـــەی کـــردووە بەکوردیو چاپی کردووە.

ئەوەش بڵێم کە ڕۆمانی شازادەی غەسسان(فتـاة غـسان)ی جـورجی زیـدان لەلایـەن مـەلا مـستەفای سەفوەتەوە کراوە بـەکوردیو لای منـەو تـا ئێـستا دەرفەتی چاپکردنیم نەبووە.

لـەو ڕۆمانانـەدا(فـتح الأنـدلس)یـش هەیـە، وەك ڕۆمان باس لە چوونە نـاو ئەندەلوسـی موسـوڵمانو دوایی دەرکردنیان لەوێ دەکا، هەندێ هۆی تێدایە کـە ئێـستاش رەنگـە بـۆ لێکدانـەوەی سیاسـەتی جیهـانیی دەبـێ بـە رەگـەزێکی لێکدانـەوەو رەنگـە لەدەرفەتێکی تردا باسی بکەم.

بـۆ هەریەکـە لـەو نووسـینانەی جـورجی زیـدان لێدوانم هەیەو بابمێنـێ، بـەڵام بـۆ ژمـارەی داهـاتوو دێمەسەر نووسـەری سـێیەم لـەو سـێ کوچکـەیەدا کـە(عومـەر فـاخووری)یـە، کـە ئـەو لـەم دووانـەی پێـــشوو لـــە زۆر ڕووەوە جیـــاوازە، دەی نـــۆرەی کوردیش دێت.

لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی نیشتمانیی فەڕەنسا ( Bnf )

**ئا. ساکار عەلی عەبدوڵلا**



کتێبخانە، تۆمارگـەی بەرهـەمی دەوڵەمەنـدی بـــیری ڕۆڵەکانیـــەتی، هـــەروەها گـــەواهی شارستانییەتێتی، کۆمەڵگا بایەخی تایبـەتیی پـێ دەدات، چـونکە هــەڵگری ناسـنامەی ڕۆشـنبیری گەلانــە بــۆ پێــشکەوتنی لــەبوارەکانی زانــستو زانیاریـدا، کتێبخانــەی نیـشتمانیی لێپرسـراوێتی کۆکردنـــــەوەی بەرهەمـــــەکانو پاراســـــتنیان لەشێواندنو نەمانیان لە ئەستۆ دەگرێت.

*** کتێبخانەی نیشتمانی فەڕەنسا:**

کتێبخانـەیـەکی نیـشتمانیی دەوڵـەتییـە، هـەر دەوڵەتیش پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکات.

"کاری کتێبخانـەکـە، کۆکردنـەوەی بەرهـەمی گشتیی گەلانە لەگەڵ سیستمی سپاردنو پاراستن و چـــاودێری کـــردی بەرهەمـــەکان، هـــەروەها دەرکردنی بیبلیۆگرافیای نیشتمانیو ڕێکخستنی چاپکراوەکان. دەوڵـەت بـۆ خزمـەتی خوێنـەرانو هـــەروەها پێـــشکەش کردنـــی خزمـــەتگوزاریی کتێبخانـــە بـــۆ دامو دەزگاکـــانی حکومـــەتی نیشتمانیو بۆ هەموو چینو توێـژێکی کۆمـەڵگای فەڕەنـــسی، بـــەردەوام ئـــاوڕی پێویـــست لـــەم کتێبخانەیە دەداتەوە".

ئەم کتێبخانەیە، بەپێشکەوتووترینو کۆنترین



کتێبخانــەی نیــشتمانی دادەنرێــت، کــە لەپاریــسی پایتـــەختی فەرەنـــسادایە، لـــەکۆتایی ســـەدەی پانزەیەمـــەوە دامـــەزراوە، لەســـەرەتاوە بـــەناوی (کتێبخانــەی نیــشتمانی ئــەهلی) ناســراوە، دواتــر بـــووە بـــە (کتێبخانـــەی نیـــشتمانیی فەڕەنـــسا)و بەگەورەترین کتێبخانەی ئـەوروپا دادەنرێـت، لـەم کتێبخانەیـــەدا هـــەر چـــاپکراوێك لـــە فەڕەنـــسا بڵاوکرابێتــەوە، چــەند دانەیــەکی لێ هەڵــدەگیرێت، هەروەها کۆی گشتی چـاپکراوەکانی دەگاتـە (٢٠) ملیۆن چاپکراو لەوانە (٥٠٠) هـەزار گۆڤـارو (١٦٥) هـــەزار دەســـتنووسو (٦٠٠) هـــەزار نەخـــشەو (١٥) ملیـــۆن وێنـــەی تیـــشکداری تێدایـــە، ســـەرەڕای ئەمانـــەش (٤٠٠) هـــەزار دراوو بـــەردی پـــیرۆزی نەخشێنراو، لەخۆدەگرێت.

دەستنووسێکی زۆر لە کتێبخانەی نیشتمانی فەرەنـسییدایە و گوێزراوەتـەوە بـۆ کتێبخانـەی "شـا چـارلزی پێنجـەم"، کـە خـۆی لەسـاڵی ١٣٧٦دا دای مەزرانـدوە، هەنـدێکی تـریش لـەم دەستنووسانە بۆ کتێبخانەی بنەماڵەی (فالویس) گەڕاوەتـەوە کـە بارەگاکـەی لـە (بلـویس)ی فەرەنـسادا بـووە. هـەروەها لەسـەردەمی "شـا فرانسیـسی یەکـەم"دا ئـەم کتێبخانەیـە تێکـەڵ بەکتێبخانەی (لۆڤەر) کراوە، بەجۆرێك کە ببێتـە کتێبخانەیەکی نیشتمانیی ئەهلی.

*** تەلاری تازەی کتێبخانەکە:**

لە ١٤ی تەممووزی ١٩٨٨دا، سەرۆك (فرانسوا مـــیتران) رایگەیانـــد کـــە (کتێبخانەکـــە لـــە گـــەورەترینو پێـــشکەوتووترین کتێبخانـــەکانی جیهانـــە) ئامـــانجی بـــەجێهێنانی خزمـــەتکردنی هـــەموو بوارەکـــانی زانـــستە، ئەمـــەش بـــە بـەکارهێنانی گواسـتنەوەی تـازەترین زانیـاریی تەکنـەلۆژیای تـازە، کـە لـە دوورتـرین جێگـاوە توانای پێگەیشتنیان هەبێ، هەروەها پەیوەنـدیی بە هەموو کتێبخانەکانی تری ئەوروپاوە هەبێت.

ئەم کتێبخانەیە، دامەزراوەیەکی گشتییەو بە سەرپەرشـــتی وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیریی، بـــەڕێوە دەچـــێت. کـــاری ســـەرەکیی بەدەســـتهێنانی سەرچـــاوەکان و دانـــانی کۆپیـــەکی ئـــەو چاپکراوانەیە لە کتێبخانەکەدا، هـەروەها هاوکـار دەبێـــت لەگـــەڵ دامـــەزراوە نیـــشتمانییە نێودەوڵەتییـەکانی تـرداو بەشـداریی لەبەرنامـەی گەڕان بەدوای سەرچاوەدا دەکات.

*** دەستنووسە یۆنانییەکان:**

ئەم کتێبخانەیە (٥٠٠٠) دەستنووسی یۆنـانی تێدایە، کە ئەمەش بەسەر سێ یەکـەی ئەرشـیفی گشتیدا دابەش دەکرێن، ئەوانیش:

- یەکەی ئەرشیفی گشتی زمانی یۆنانی
- یەکەی ئەرشیفی گشتی Coislin
- پاشکۆی زمانی یۆنانی

*** بەشەکانی کتێبخانەکە بریتین لە:**

– بەشی کتێبە چاپکراوەکان: پێکهاتووە لە زیاتر لە (١٠) ملیۆن کتێب.

– بەشی وەرگرتنو سپاردنی یاسایی:

ئـەم بەشـە کاردەکـات لەسـەر چـاپکردنو بڵاوکردنەوەی خولاوەکان بەشێوەی هەفتانە، بۆ ئەو چاپکراوانەی کە تازە دەردەچن لە فەڕەنـسا بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو بـەپێی بابەتـەکانیانو لەسەر سیستمی "دیوی دەیی" پـۆلێن دەکـرێن، هـەروەها ئـەم بەشـە لێپرسـراوە لـە دەرکردنـی بیبلیۆگرافیای نیشتمانیی فەڕەنسی.

– بەشی خولاوەکان: ئەم بەشە (٥٠٠) هەزار (١٨٥٠٠) خولاوەی فەڕەنسی نوێی بە بەردەوامی پێ دەگـاتو لەگـەڵ (٧) هـەزار خـولاوەی بیـانی تریش.

– بەشی دەستنووسەکان:

ئەم بەشە (٢٣٠) هەزار دەستنووسی تێدایە.

– بەشـی دراوو میـدالیاکان: پێکهـاتووە لـە زیاتر لە (٤٠٠) هەزار پارچە.

– بەشی جوگرافیاو نەخشەکان: پێکهـاتووە لە زیـاتر لـە (٨٠٠) هـەزار نەخـشەو (١٤٠) هـەزار کتێـبو (٢٠٠٠) ئەتلـەسو (٤٠٠٠) هـەزار گۆڤـاری جوگرافی.

– بەشی موزیك: ئەم بەشـە دەوڵەمەنـدە بـە کۆمەڵێك ئـاوازی موزیـك، کـە مەزەنـدە دەکرێـت بە(٤٤٠) هەزار پارچە موزیك.

– بەشی مۆرەکـان: زیـاتر لـە (١٢٧) ملیـۆن مۆری تێدا پارێزراوە.

– بەشـــی وێنـــەگرتن: کـــاری ئـــەم بەشـــە وێنەگرتنو لەبەرگرتنەوەی وێنەکانـە، بەشـێوەی CD یان بەمایکرۆفیلم.

– بەشـــی بـــەرگ تێگـــرتنو چـــاك کردنـــەوە: کـاری ئـەم بەشـە تێگرتنـەوەو چـاك کردنـەوەی سەرچـاوەکانە، بەتایبـەتی دەسـتنووسو کتێبـە دەگمەنەکان، کە تاقیگـەی تایبـەتی بـۆ دانـراوە، ئامـانجی پاراسـتنی کتێبەکانـە لـە تێکـچوونو داڕزان.

– بەشـــی کـــارگێڕی: پێکهـــاتووە لـــە بەڕێوەبەری کتێبخانەو کارمەندانی دارایی.

– بەشی ئاڵوگۆڕی دەرەکی.

– بەشی ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی.

ئەم کتێبخانەیە لەچەند هـۆڵێکی خوێندنـەوە پێکهـــاتووە، گرنگترینیـــان هـــۆڵێکی گـــەورەی خوێندنەوەیە کە (٤٠٠) خوێنـەر دەگرێتـەخۆ کـە ڕۆژانە (١٠٠٠) خوێنەر رووی تێدەکەن.

هەروەها هۆڵێکی شێوە هێلکەیی تێدایـە کـە لەساڵی (١٩٣٦)وە کراوەتەوە.

هـــەر لـــەم کتێبخانەیـــەدا، هـــەزار کارمەنـــد خزمـەت پێـشکەش بـە خوێنـەرانو هامـشۆکەران دەکەن.

Maktabat-sy.net

# دوای ٧٣ ساڵ.. کەرکووك تەنها یەك کتێبخانەی گشتی تێدایە!




زۆربەی ولاَتانی جیهان، ئەوانەی پێڕەوی سیستمی دیموکراسی دەکەن، کتێبخانەی گشتی لـەو شـوێنانە دەکەنەوە کـە ڕێـژەی دانیـشتووانەکەی ڕوو لـە زیـاد بوونە، مەبەست لەکردنەوەی ئەو کتێبخانانە ئەوەیە کە خوێنەر " بەکەمترین کاتو ماندووبون" بەئاسانی بتوانێ سـەردانیان بکـات، بۆیـە دەبیـنین لەشـارێکدا چەندین لقی کتێبخانـەی گـشتیی تێدایـە، ژمارەیـەك لەولاَتانە بەپێی ئەو پێوەرە کار دەکەن کـە بـۆ (١٠) هەزار کەس لەشـوێنێك، کتێبخانـەیـەکی گـشتیان بـۆ دەکەنـەوە و لـەماوەی (٢٤) سـەعات، شـەو و ڕۆژ دەرگای والاَ دەبێت بۆ خزمەتکردن.

ئەمـەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، دەبیـنین لـە شاری کەرکووکدا، بەپێچەوانەوەیە؟!

گەرچـی کتێبخانـەی گـشتیی کـەرکوك لەسـاڵی ١٩٣٢دا، سـەرەتاوە بـەناوی کتێیخانـەی (یانـەی مامۆستایان) دامەزراوە، کە بریتی بووە لە یـەکێ لـە ژوورەکـانی بەڕێوەبەرایـەتی مـەعاریف، چـەند مامۆستایەکیش ئەرکی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانیان گرتووەتـە ئەسـتۆ، تـا سـاڵی ١٩٣٦، وە لـە سـاڵی ١٩٣٧ وە، ئەو کاتەی کتێبخانەی گشتیی کـەرکوك کراوەتەوە، ژمارەی دانشتوانی کـەرکووك زۆر کـەمتر بووە لـە ڕێـژەی ئێـستای، گـەر بێتـو بـەپێی ئـەو پێوەرەی کە دەبێ دە هەزار کـەس کتێبخانـەیـەکیان بۆ بکرێتـەوە، دەبێـت لـە ئـەمڕۆدا، کـەرکووك بـەلای کەمەوە (٥٠) کتێبخانەی گشتیی تێدا بێت.

لە ئەمڕۆدا شاری کەرکوك پێویست دەکات چەندین کتێبخانەی گشتی تێـدا بێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت ژمارەیەك لەو کێشانەی لە ڕابـردوو و ئێـستادا هـەن، چارەسەر بکرێن.

بـۆ نموونـە کێـشەی لەیـەکتری حـاڵی نـەبوون لـەڕێگای نزیکبوونـەوە لـە کتێبخانـە ، کێشەی قـین ورەگەزپەرسـتی بەرامبـەر یـەکتری، لـەڕێگای خۆرۆشـنبیرکردن بـە خوێندنـەوە لـە کتێبخانـە چارەسـەر بکرێـت، کێـشەی کـەمی دۆکۆمێنـت و بەڵگەنامە بۆ کێشە چارەنووسسازەکان، دەتوانرێـت سـوود لەسەرچـاوەکانی کتێبخانـە وەربگیرێـت، لەمبارەیەوە، چەندین کێشەی تر دەتوانرێت بەسوود وەرگـرتن لـە کتێبخانـەی گـشتی، چارەسـەریان بـۆ بدۆزرێتەوە. هەر بۆیە کردنەوەی کتێبخانەی تر لـەم شارەدا، کارێکی یەکجار پێویستە.

هەرچەندە مایەی پێزانینە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری هـەرێمی کوردسـتان، وەك هـەر یـەك لـە کتێبخانـە گـشتییەکانی پارێزگاکـانی هـەرێم، مامەڵـە لەگـەڵ کتێبخانـەی گـشتیی کەرکوکـدا دەکـات و مانگانـە بەچـاپەمەنی کـوردیو زمانـەکانی تـر، ئـەم کتێبخانەیەو لقەکانی، بەسەردەکاتەوەو دەوڵەمەندی دەکات.

بەڵام دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینـەوە کـە دوای ٧٣ سـاڵ، تـەنیا کتێبخانەیـەکی گـشتی بـۆ شارێکی وەکو کەرکوك کەمە.

**کەرکوك/ حەمەدیان**

# ئاوڕدانەوەیەك لە پڕۆسەی خوێندنەوە و ئامانجەکانی

(٢-٢)

یاسین قادر بەرزنجی

### لێرەوە دەپرسین خوێنەر کێیە؟

دیارە ئەو کەسەیە کە ڕادەیەکی زۆر زانیاری لەلایە، تێنەگەیشتنی فراوانیان بۆ ژیان و جیهانبینی هەیە، ئەی بۆچی بەشێوەیەکی بەردەوام دەخوێنینەوە؟ دیارە بۆ پەیداکردنی زانیاری زیاتر، یان بۆ خۆشبەسەربردنی کاتەکان، بەڵام ئەوانەی هەر بە تەنیا بۆ خۆشبەسەربردنی کاتەکان دەخوێننەوە، لەکاتێکدا هەر ئەلتەرناتیڤێکی دیکەیان دەستبکەوێت، واز لە خوێندنەوە دەهێنن.

دەبێ خوێنەر ئەمانە بزانێت:

- ناسنامە و ئاستی مەعریفی نووسەرەکان.
- ڕیزبەندی لە هەڵبژاردەی کتێبەکاندا.

هەڵبەتە ئاستی خوێندنەوە لە وڵاتێ بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە: وڵاتی "نەرویج" لەپێشەوەی وڵاتانی ئەوروپا دایە، کە خوێندنەوە بووەتە کەلتوورێکی بەردەوام، چونکە پەروەردە و فێرکردن بە میتۆدی زانستی تیایدا بەڕێوەدەچێت و ئارامیی سیاسی و سەقامگیری ئابووریش، فاکتەری پۆزەتیڤی ئەو دیاردەیەن.

هەرچەند بەربڵاوی چاپکراوە دەورییەکان "خولاوەکان" لە زۆر جێدا بەسەر کتێبدا زاڵن، بەڵام هەمیشە خوێنەری تایبەتمەندی کتێب، لێرەولەوێ دەبینرێن و کتێب لە دووتوێی خۆیدا ئەفسوون و جوانییەکی ئەوتۆی حەشارداوە کە لە چاپکراوی دیکەدا بوونی نییە.

هەڵبەت، زۆربوونی کتێبەکان و بەردەوامیی نمایشی کتێب لە وەرزەکانی ساڵدا و هەمەجۆری چاپەمەنییەکان و سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی کتێبە دەگمەن و کۆنەکان و ئاگادار بوون لە نرخی چاپکراوەکان "بەتایبەت کتێب"، بۆ وابەستەبوونی خوێنەر بە پڕۆسەی خوێندنەوەوە، ڕێگا خۆشکەر دەبن.

### چۆنێتی خوێندنەوە

زانستی دەروونزانی بە تەنێ کۆمەڵێك زانیاری نییە، بەڵکو میتۆدی ڕوانینە بۆ مرۆڤ و شۆڕبوونەوە بە ناخیدا، لەگەڵ شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی بەخوێندنەوەشەوە. مرۆڤ گیانەوەرێکی بیرکەرەوەیە و لە توانای دایە کە گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئەویش دوای بیرکردنەوە و پێودان و هەڵسەنگاندنی زانستییانە، دیارە ئەو ئاکامانەش بەهۆی خوێندنەوەوە دێنە دی، واتە بۆ هەر چارەسەرێ، پەنابردنە بەر چەمکی دیاردەکان کە ئەوانیش لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا، چنگ دەکەون.

عەزیز ئەلتەمیمی لە وتاری "دەسەڵاتی تێکست[1]"دا، ئاوڕ لەلایەنی فەلسەفی خوێندنەوە دەداتەوە و دەڵێت: ((دیدی فەلسەفیی هەر تێکستێك، بەشدار دەبێت لە بەرهەمهێنانی دیدی فەلسەفییانەی خوێنەردا بۆ تێکستی بەرهەمهێنراو، ئەمە شتێکی گەوهەری و سەرەکییە لە پڕۆسەی خوێندنەوەدا، لەوێوە هەردوو کاریگەری دێنەدی، کاریگەری تێکست لەسەر خوێنەر و پاشانیش کاریگەری خوێنەر بۆ خودی خۆی، کە دوای خوێندنەوە دروستدەبێت. لەگەڵ هەڵسەنگاندنی تێکستی بەرهەمهێنراو)).

### چۆن بخوێنینەوە؟

بەجەختکردنەوەوە، عەباس مەحموود عەقاد، گەورە نووسەر و بیرمەندی عەرەب، گوتوویەتی: ((سێ جار خوێندنەوەی کتێبێکی باش لە خوێندنەوەی سێ کتێب باشترە)).

خوێندنەوەی بێدەنگ یان بێدەنگی لەخوێندنەوەدا، شیاوترین جۆری خوێندنەوەیە، واتە تەنیا بەچاو و بێ بزواندنی لێو و جوڵاندنی زمان، ئەمەش بۆ خۆت ئارامییە و بۆ دەوروبەریش پاراستنی هێمنییە، هەرچۆن لەکاتێکی کەمدا زیاتریش دەخوێنینەوە...

خوێندنەوە بەخێرایی، واتە بۆ گێڕانەوەی کات، مرۆڤ بەو جۆرە بخوێنێتەوە ٥٠–١٠٠٪ لە خوێندنەوەی زیاد دەکات. وشە وشە نا، بەڵکو دەستەواژە و ڕستە بە ڕستە، چونکە تێگەیشتن لەواتای گشتیی بابەت مەرجە.

سالح بن محەمەد الاسیری لە کتێبی "منهجیة قراءة الکتب[2]"دا، چەند بیرۆکەیەك دەخاتەڕوو، لەوانە:

- دەبێ خوێنەر ئاگاداری ئەم خاڵانە بێت:

١. خوێنەر بەسەر زمانی نووسراوی کتێبەکەدا، زاڵ بێت.

٢. دەبێت ئامانجی لە خوێندنەوەی کتێبەکە لەبەرچاوبێت.

٣. شێوازی خوێندنەوەکەی، واتە هەمووی یان چەند بەشێکی.

هەروەها بەر لە کڕین، یان پەیداکردنی کتیب، بزانێ ناوەڕۆك و بایەخی چییە.

لەگەڵ ئاگاداربوونی کات، چونکە کتێب زۆرە و کاتیش کەمە. "فریدیك نیتشە"ی فەیلەسووفی



مێژووی نوێ کە ملیۆنان ئادەمیزادی بەخۆیەوە خەریك کردووە و لە ئاقاری فەلسەفەوە بناغەی بۆ زانستی دەروونزانی داڕشتووە، ساڵی ١٨٦٥ لەزانکۆی "لاینبرك" کارەکانی "شۆپنهاور"ی خوێندووەتەوە و فەلسەفەکەی کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتووە، تەنانەت جوداکردنەوەی لە خودی خۆی، هەر بە کاریگەری ئەو بووە، ئەوەش بۆ خودناسیی بووەتە یەکەم هەنگاوی کە بەردەوام بەو چەمکەدا ڕۆچووە، هەر بەکاریگەری ئەویش، شوێن گۆشەگیری و تەنیایی کەوت.

نیتشە دەڵێت: ((لە بیرۆکەکانی ئەوەوە، جیهان و ژیان و ڕۆحی خۆمم بینی، بینیم چاوانی هونەر تێمدەڕوانێ، لێرەدا دیسانەوە ئازار و شینم بینی، بێئارامی و سەرفرازی، بەهەشت و دۆزەخ، هەستمکرد دەبێت بزانم من کێم؟ چونکە دەمویست بە باشی جەوهەری مرۆڤ بونیاد بنێم))[3].

نیتشەی خوێندەوار و زانا، بۆ مرۆڤ خواستی زۆر بووە، پێشی وابووە فەلسەفەکەی ئەوە کە بۆ وەدەستهێنانی بوونی ڕاستەقینە، دەبێتە فریادڕەسی مرۆڤ. هەر بۆیە بە دەنگی بەرز بە مرۆڤی دەگوت "ڕاپەڕە"... ئەم هاوارە بۆ، بۆچی مرۆڤ هەر هەمووی لە شیرین خەودا بوون.

### پۆلێنی خوێندنەوە

نووسەر "شاهۆ عوسمان سەید قادر" لە کتێبەکەیدا[4]، لەدەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاریدا، خوێندنەوە بەسەر سێ بەشدا پۆلێن دەکات:

١. خوێندنەوە بە مەبەستی ڕۆشنبیری.

٢. خوێندنەوە بە مەبەستی گاڵتەجاڕ "دیارە مەبەستی لە خۆش گوزەراندن، یان خۆش بەسەربردنە"؟

٣. خوێندنەوە بۆ بەدیهێنانی بڕوانامە.

لەئاقاری ئەو باسەوە، چەند ئاماژەیەك بۆ ڕۆڵی کتێبخانە دەکات لەهاندانی خوێنەردا، دیارترینیان ئەو کەشە ئازادەیە کە لە کتێبخانەدا دەخولقێت بۆ هەر هاموشۆکەرێك بە جیاوازی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیرییانەوە، هەروەها فێربوونی هاموشۆکەر بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە پێویستییەکانی لەڕێی لیست و چەکمەجەکانی کارت و بیبلیۆگرافیا بەردەستەکانەوە، لەگەڵ بەسەربردنی کاتی بەسوود لەنێو کتێبخانەدا.

### ئەوانەی لەخوێندنەوە بێزار دەبن!

بریتین لەو کەسانەی کە:

- درەنگ ڕادێن لەسەری و نایکەنە ئارەزوویەکی بەردەوام.
- بێئارامن و پشێوی دەروونییان پێوە دیارە.
- ئاستی خوێندەوارییان سنووردارە و لەمانا بەرزەکانی خوێندنەوە ناحاڵین.
- درێژی بابەتە نووسراوەکان، دەیانترسێنێت!
- پەلاماری سەرچاوەی قورس دەدەن.
- کاتەکانیان بەشتی بێسوودەوە دەبەنەسەر.
- هاوڕێ و کەسوکاری خوێنەریان نییە.

### چارەسەر بە خوێندنەوە

لەسەر دیواری کتێبخانە دێرینەکانی وڵاتی میسر دەنووسرا: ((ئێرە چارەسەری ڕۆحی تیادا دەکرێ))، یان ((ماڵی چارەسەری دەروون)). لەوێشەوە ئەو دروشمانە بۆ بابلی و ئاشوورییەکان و ڕۆمان و گریکەکان، گوازرانەوە.

ئەو چارەسەرەی پزیشکان بۆ مرۆڤی ماندووی دەکەن، جودایە لەوەی زانایانی دەروونزانی دەیکەن و ئەوەیش کە کارمەندانی کتێبخانەکان دەیکەن، لە هەردووکیان جودایە.

د. شەعبان خەلیفە نەخۆشییەکانی مرۆڤ بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەکات، بەرامبەریشیان قسە لەسەر چوار چارەسەر دەکات:

١. نەخۆشی جەستەیی کە بە داوودەرمان و نەشتەرگەریی چارەسەر دەکرێن.

٢. نەخۆشی دەروونی کە چارەسەرەکەی داودەرمان و خوێندنەوەیە لەیەك کاتدا.

٣. نەخۆشی جەستەیی و دەروونی کە دیسانەوە بە داودەرمان و خوێندنەوە چارەسەر دەکرێن.

٤. نەخۆشی چوارەمیش، ڕۆحییە و چارەسەرەکەی بە تەنیا و تەنیا، هەر خوێندنەوەیە[5].

### ئاخۆ لە کوردستاندا ڕەوشی خوێندنەوە لەبرەو دایە؟

تاڕادەیەکی زۆر نەخێر، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. بەشێوەیەکی گشتی و لای مرۆڤی کورد، خوێندنەوە نەبووە بە کەلتوورێك.

٢. کەمیی کتێبخانە و سەرچاوەکانی زانیاری و پڕ لە کتێبی بەنرخ.

٣. خراپی و زۆری کتێبخانەکان لەڕووی کەرەستەکان و ساردی و گەرمی هۆڵەکان.

٤. نائارامیی لەناو کتێبخانەکاندا.

٥. بوونی چەندین کارمەندی نەگونجاو بۆ کاری کتێبخانە و کەمی پسپۆڕ و شارەزایان تیایاندا.

٦. بێهیوایی گەنجان بەرامبەر ئاییندەی خۆیان و خراپی بژێوی زۆربەیان و بێکارییان.

### پەراوێزەکان

1- www.anhaar.com.
2- www.saaid.net.
3- www.omania2.net.
٤– شاهۆ عوسمان، دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاری، ل ٢٠٤، ٢٠٥.
5- www.islamonline.net.

### سەرچاوەکان

١. د. حسن عماد مکاوي و د. ليلى حسين السيد، الأتصالات و نظرياتە المعاصرة، القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٤.
٢. د. حسن عماد مکاوي، تکنلوجيا الأتصال الحديثة في عصر المعلومات، القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٣.
٣. عکاب سالم الطاهر، موضوعات في الکتابة، بيروت، دار العربية للعلوم ناشرون، ٢٠٠٨.
٤. شاهۆ عوسمان، دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاری، کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان، هەولێر، ٢٠٠٩.
٥. لەگەڵ کۆمەڵێك ماڵپەری ئینتەرنێت کە لەپەراوێزەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

# بەشەکانی کتێب

جەزا ئەحمەد قادر*

خۆزگە لەگەڵ لە چاپدانی هەر کتێبێکدا بنەمای کتێب ڕەچاو دەکراو کارتی پێرستو پۆلێنی بۆ دەکراو بە پێرستو پۆلێن کراوی دەگەیشتە کتێبخانەکانمان، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەچاوی جۆری چاپو ریزبەندی کتێبو ژمارەی سپاردن دەکرا، کە لەراستیدا ئەو ژمارەی سپاردنەی کە ئێستا لەسەر کتێبەکان دەنووسرێ، لە بنەڕەتدا ژمارەی ڕەزامەندییە نەك سپاردن، چونکە تەنها کتێبخانەی نیشتمانی ژمارەی سپاردن دەبەخشێت بەرامبەر بە وەرگرتنی چەند وێنەیەك لە کتێبێك، نەك وەزارەتی ڕۆشنبیری، من لێرەوە ئامادەیی خۆم نیشان دەدەم کە ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار مەبەستیەتی سەرجەم بنەماو یاساو ڕێساو ڕێنمایی لە هەموو حاڵەتەکانی کتێب لە کتێبخانەدا پیادە بکات، ئەوا ئامادەم هاوکاری بکەم، بەخۆشحاڵییەوە لەپێناو خزمەتکردنی کتێبو کتێبخانەکانماندا.

کتێب لەچەند بەشێکی سەرەکی پێکدێت کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

### بەشی یەکەم: بەرگ
### ( Binding)

دەتوانین دابەشی بکەین بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە :–

أ– بەرگی کاغەزینی دەرەوە (الغلاف الورقی الخارجی): ئەم بەرگە نایلۆنەو ڕازاوەو نەخشێنراوەو سەرنج ڕاکێشە، تەنها دیوی دەرەوەی نوسراوی لەسەرەو زۆر بە ئاسانی لێدەکرێتەوە یان دەگیرێتە کتێب.

زۆرتر دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو پەخشو چاپەمەنی بیانی بەکاری دەهێنن، ئێستا دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بەکاری دەهێنن، وەك لوبنان، میسرو ئۆردون.

ئەم بەرگە نایلۆنە چەند سوودێکی هەیە، لەوانە:

- پارێزگاری کردن لە بەرگەکە.
- ناهێڵێت پیس ببێت.
- پارێزگاری لەمانەوەی دەکات.

بۆ کتێبخانەش سوودی هەیە لەوانە:

(١) لە بۆردی بانگێشەدا هەڵدەواسرێت بۆ ئەوەی خوێنەری کتێبخانە بزانێت ئەم سەرچاوەیە هاتووە.

(٢) زوربەی زۆری زانیارییەکانی لەسەرە، وەك ناوی نووسەر، وەرگێڕ، کۆکەرەوە، لێکۆڵەر... هتد.

ناونیشانی کتێبەکە شوێنی چاپو دەزگای چاپو ساڵی بە چاپگەیاندن لەگەڵ وەسفی چاپدا. ماوەتەوە بڵێین بۆ دوو مەبەست دروست دەکرێ:

١– بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر (چاوبەست لە خوێنەر دەکا).

٢– کەمی تێچوون لە نرخدا، چونکە زۆربەی جار ئەم بەرگانە تەنها ئەو زانیارییانەی لەسەر نووسراوە و لە بەرگەکەدا هیچ زانیارییەك نییە، کاتێك کە لای دەبەیت، دەبینیت کتێبێکی سادەیە، تەنها زانیاری سەر لێوار (کعب) کتێبەکە نەبێت.

ب– بەرگی کتێب (جلد الکتاب): مەبەست لەم بەرگە ئەو بەرگە ئەستورەیە کە سەرجەم لاپەڕەکانی کتێبەکەی بە ستۆتەوە و دەیپارێزێت لە هەڵوەشاندن، ئەم بەرگە لەچەند مادەیەکی سەرەکی پێك دێت لەوانە: چەرم، نایلۆن، موشەما، مقەبای ئەستوور و مقەبای تەنك، بەڵام بە ڕەنگاو ڕەنگ و ڕازاوەو جوانکار.

چەرم: باشترین جۆری بەرگە کە لە کۆنەوە بۆ پارێزگاری کتێب بەکار هاتووە و مانەوەی زۆرە بەڵام نرخی گرانە.

نایلۆن: چەندان جۆر نایلۆن هەیە، بەڵام باشترینیان ئەوەیە کە نەرم و سافو ڕەنگی کاڵ نەبێتەوەوە (مرونە)ی تێدا هەبێت.

مقەبا: ئەمڕۆ زۆر بەکار دێت بە تایبەتی لە بواری بازرگانیدا، چونکە تێچوونی کەمە وە بە ئاسانی بەدەستەوە دەدات.

ج) لێواری کتێب (کعب الکتاب –Spine):

مەبەست لە پاژنەی کتێب بەشی خوارەوەی کتێبەکەیە کە دەتوانێ لەسەر شان بوەستێت.

ئەم زانیارییانەی لەسەر دەنوسرێ، لەوانە ناوی نووسەر، ناونیشانی بڵاوکەرەوە، زنجیرە ئەگەر هەبوو، ساڵی چاپ، لە کتێبخانەکاندا. ژمارەی پێرست و پۆڵینی بۆ زیاد دەکرێ لەبەشی خوارەوە. هەروەها:

أ/ ئەو لاپەڕەیەی کە لەدیوی ناوەوە بە بەرگی کتێبەکەوە نووساوە and papers

ئەمە ئەو لاپەڕەیەیە کە بە بەرگی کتێبەکەوە نوساوە (زیاتر کتێبی بەرگ تێگیراو) دەگرێتەوە و هەندێ جار زانیاریی لەسەر دەنووسرێت لەلایەن دەزگای چاپەوە، وەك خشتە، نەخشە، یاسای زانستی، ئەم لاپەڕەیە چەند سوودێکی گرنگی هەیە وەك:

١–گیرفانی کتێب بەم شوێنەدا هەڵدەواسرێت کە (٢) دوو کارتی زانیاری کتێبەکەی تێدایە و لە کاتی (خواستنی) کتێبدا بەکار دێت.

٢–گیرفانێکیان بۆ هەڵگرتنی نەخشەو خشتە تێیدا.

٣–بۆ هەڵواسینی ئەو سیدیانەی (CD) یانەی کە لەگەڵ کتێبەکەدایە.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەرگەکە پتەوەو نانوشتێتەوە.

### بەشی دووەم: ئەو لاپەڕانەی دەکەونە پێش دەقی کتێبەکەوە
### Preliminary pages

* لاپەڕەیەکی سپی بەتاڵ Flyleaves:

ئەم لاپەڕەیە ڕاستەوخۆ دوای بەرگی کتێبەکە دێت وە هیچ شتێکی تێدا نانووسرێ و لە کۆتایی بەرگەکەش دووبارە دەبێتەوە، لە سوودەکانی:

١– پارێزگاری کردنە لە لاپەڕەی ناونیشانی بچووك کراوە.

٢– زۆر جار لە لایەن خوێنەرەوە لەسەر لاپەڕەکانی شت دەنوسرێت، یان پارچەیەك لە کاغەزەکە دەکرێتەوە، ئەم جێگەی ئەو کارە دەگرێتەوە.

*لاپەڕەی ناونیشانی بچووککراوە
(صفحة العنوان المختصرة– Half title page)

دووەم لاپەڕەیە لەدوای بەرگی کتێبەوە دێت ناونیشانی کتێبەکەی لەسەر نووسراوە لەبەشی خوارەوەی پەڕەکەدا بە بچووکی ئەگەر زنجیرەی کتێب هەبوو لە شانیدا دەنووسرێت، سوودی ئەمیش، پارێزگاری کردنە لەناونیشانی سەرەکیو لاپەڕەی ناونیشان، لەدڕانو پیسبوون.

* لاپەڕەی ناونیشان
(صفحه العنوان Title page):

بەشێکی زۆر گرنگە لە کتێب و ئەم زانیارییانەی لای خوارەوە دەگرێتە خۆی، یان تێیدا کۆدەبێتەوە، لەوانە:

١–ناوی نووسەر، یان نووسەران.

٢–ناوی وەرگێڕ، کۆکەرەوە، لێکۆڵەر، نازناو، هەروەها پێگەی زانستی.

٣–ناونیشانی کتێب.

٤–ناونیشانی یاریدەدەر، ناونیشانی بەرامبەر.

٥–ناوی ئەو کەسەی کە بە پێنووسی ئەو پێشەکی کتێبەکە نووسراوە (ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندن بەکار دێت).

٦– چاپ.

٧– ناوی بڵاوکەرەوەو ساڵی بەچاپ گەیاندن.

* پشتی لاپەڕەی ناونیشان – Verso:

لەم لاپەڕەیەدا تەنها ساڵی چاپ و جۆری چاپەکەو ژمارەی چاپ دەنووسرێ.

*لاپەڕەی دیاری (پێشکەش)
صفحة الأهداء– Dedication paper

لاپەڕەی ڕێزو سوپاس و ستایشە لەلایەن نووسەری کتێبەکەوە پێشکەش دەکرێت بەکەسێك، بەوڵاتێك بە دەزگایەك... هتد، ئەو کەسەی کە سەرەتا ناوی دێ لای نووسەر لەهەموو ئەوانی تر جێی بایەخدارترە.

* لاپەڕەی پێش بار – التمهید Preface:

لێرەدا نووسەر باسی هەموو ئەو هۆکارو پاڵنەرانە دەکات کە وای لێکردووە ئەم بەرهەمە بنووسێ یان بەرهەمبهێنێ، پاشان ئاخۆ کێ لێی سوودمەندە.

* لاپەڕەی ناوەڕۆك
صفحه المحتویات– Table of Contents:

ئەم لاپەڕەیە جاری وا هەیە چەند لاپەڕەیەکیش ئەگرێتەوە، بە پێی زۆری و کەمی بابەتە باسکراوەکانی ناو کتێبەکە، خۆی لەخۆیدا ئەم ناوەڕۆکە نیمچە ڕێبەرێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو لاپەڕانەی کە بابەتەکانی تێدا باسکراوەو وەك خشتەیەك دروست دەکرێ. تیایدا ناوی بابەت یان ناونیشان و بە تەنیشتیەوە ژمارەی لاپەڕەکە دیاری دەکرێت، خوێنەر دەتوانێت ناونیشانەکان بخوێنێتەوەو بە ئاسانی بزانێت لەچ لاپەڕەیەکدا ئاماژەی پێدراوە، هەروەها زۆر جار کتێبەکە کراوە بە چەند بەشێکەوە و هەر بەشەش بەچەند پارێکەوەو هەر پارەی چەند ناونیشانێك لە خۆدەگرێتو بەرامبەر هەر ناونیشانێك، ژمارەی لاپەڕەکە دەستنیشان کراوە

* لاپەڕەی پێشەکی مقدمة– Introduction:

لەم لاپەڕەیەدا دەروازیەك بۆ چوونە ناو بابەتەکە دەکاتەوەو بە شێوەیەکی سەرپێیانە بە گشتی باسی کتێبەکە دەکات کە دەیەوێت چی بکا. واتە پێشەکی کە نووسەر بۆ خوێنەری ڕوون دەکاتەوە، جاری وا هەیە یەك لاپەڕەو هەندێ جار ٢–٣ لاپەڕە دەبێت. بەڵام زۆر جار بۆ بەهێزکردنی کتێبەکەو ناوهێنانی کەسانی شارەزاو بەتواناو ناسراوی ناو کۆمەڵگا، بە پێنووسی یەکێك لەمانە پێشەکی دەنووسرێ و زۆر جار بۆ هەڵسەنگاندن یان بۆ ڕێزدارکردن دەنووسرێ.




### بەشی سێیەم: دەقی کتێب
### (متن الکتاب – Text):

ئەمەش لە سەرەتای دەست پێکردنی کتێبەکەوە دەگرێتەوە بە هەموو بەش و پارو یەکەکانی ناو کتێبەکە، تا دواهەمین وشە کە نووسەر نوسیویەتی.

### بەشی چوارەم: پاشکۆ و ئەو لاپەڕانەی کە لە دوای دەقی کتێبەکەوە دێت
Auxiliary or reference Material:

ئەویش ئەمانە دەگرێتەوە:

أ– پاشکۆکان –الملاحق – Appendixes:

پاشکۆ بریتییە لەکۆمەڵێك زانیاری کە لە دەقی کتێبەکەدا ئاماژەی پێدراوەو بە چەند لاپەڕەیەك نووسراوەتەوە، خوێنەر سوودی لێ وەردەگرێت بۆ بەرچاوڕوونی لە بابەتەکە.

پاشکۆ زۆرجار لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا چاپ دەکرێت و بەدیاری دەبەخشرێت بەکڕیاری گۆڤارەکە، یان ڕۆژنامەکە بەخەتێکی دیار لەسەر (گۆڤار– ڕۆژنامە) دەنووسرێت پاشکۆی لەگەڵدایە.

زۆر جار ئەم پاشکۆیانە وێنەیەك، یان (ساڵنامە - تقویم) یان ڕوون کردنەوەیەکە لەسەر بابەتێکی دیار، بەڵام لە کتێبدا زۆربەی جار لە دوای دەقی کتێبەکەوە دەنووسرێت و جاری واش هەیە، بەکتێبی بچووك لەلاپەڕەدا هاوپێچە لەگەڵیدا، قەبارەی بەقەد کتێبەکەیەو بەهەمان وێنەی دیوی دەرەوەی بەرگەکەی لەسەرە، بەڵام لەسەری نووسراوە پاشکۆ.

ب – لیستی زاراوەکان
قائمه المصطلحات– Glossary

هەندێ کتێب بە تایبەتی زانستییەکان، لە کۆتایی کتێبەکەدا لەدوای دەقی کتێبەکە "ئەگەر پاشکۆ نەبوو" لیستێك ئامادە دەکەن بە ناوی سەرجەم ئەو زاراوانەی کە لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێکراوە بە پێی پیتی (ئەبجەدی) ڕیزبەند دەکرێ، چ جای بیانی بێت، یا هەر زمانێکی تر، لە بەرامبەریدا بە واتای دیار ئاماژەی پێدەکرێت.

زۆر جار جگە لە زمانی کتێبەکە، بەچەند زمانێکی دی واتاکان شی دەکاتەوە و بە پێی پیتی زمانی ئاماژە پێکراوە، ڕیزبەندییان دەکات، زۆر جار ئەم زاراوانە شیکارێکی کورتی بۆ دەکرێت بەپێی پێویست.

ج– لیستی پەراوێزو تێبینی–
الهوامش والملاحظات – Foot – Notes

زۆربەی نووسەران لە کاتی دواندن لەبابەتەکان لە کۆتای ڕستەکانیاندا هێمایەك، یان نیشانەیەك، یان ژمارەیەك دەنووسن لە نێوان دوو کەوانەدا، ئەگەر لە کۆتایی لاپەڕەکەدا ئاماژە بەمانە نەدات کە مەبەستەکەی تێدا ڕوون بکاتەوە، ئەوا لە کۆتایی کتێبەکەدا لیستێك دروست دەکات بە پێی ڕیزبەندیی یان ناوهێنانی ژمارەکان و یەك یەك شیکاریان بۆ دەکات، زۆرجار هێمایەك نیشانە بۆ مەبەستێك یان ژمارەیەك هێمایە بۆ ئەو سەرچاوەی کە خاوەنی ئەم نووسراوەیەیە... هتد.

د – لیستی سەرچاوەکان
المصادر أو المراجع أو البیبلوغرافیا –
Bibliography Reference

ئەمەش ناوی هەموو ئەو کتێب و گۆڤارو نامیلکەو ڕۆژنامە و سەرچاوانەیە کە نووسەر پشتی پێ بەستوون لەکاتی نووسینی کتێبەکەدا.

ڕیزبەندیی ئەم سەرچاوانە بە (٢) شێوە دەبێت:

یان بەناونیشانی بابەتەکە، یان بە ناوی نووسەری بابەتەکە، ئەگەر بەناونیشان بوو، ئەوا بە پیتی هجائی ناونیشانەکان ڕیزبەند دەکات، بەم شێوەیە:

ناونیشان، ناوی نووسەر، شوێنی چاپ، ناوی بڵاوکەرەوە، جۆری چاپ، ساڵی چاپ، لەگەڵ ئەو لاپەڕەیەی کە لێی سوودمەند بووە.

ئەگەر بە نووسەریش بێت ئەوا نازناوی نووسەر دێتە پێش و ناوی کۆتا پاشان، ناوەکە بەردەوام دەبێت، دواتر ناونیشان، ئەمجا شوێن، بڵاوکەرەوە،جۆری چاپو بەرگ، یان ساڵی چاپ، دواتر ژمارەی لاپەڕە سوودمەندبووەکان.

هـ – ڕێبەر –الکشافات – Index

بە یەکێك لەبەشە گرنگەکانی کتێب دادەنرێت، کە دەکەوێتە کۆتایی کتێبەوە، هەروەها ڕێبەرێکە بۆ خوێنەر لە چۆنیەتی دۆزینەوەی بابەتەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، ئەو ڕێبەرانە بابەتەکانی بە شێوەی هیجائی ڕێکخراوە لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکانیدا، چەند جۆرێك (ڕێبەرمان) هەیە، بۆ نموونە ڕێبەری بابەت، ڕێبەر بەناوی ناوچە جوگرافیاکان، یان ڕێبەری ڕۆژانە... هتد.

کتێب هەیە زیاد لە کشافێکی هەیە، بۆ نموونە (ئینسکلۆپیدیا – فەرهەنگە گەورەکان) کە بە ناونیشانو بابەت، ڕێبەریان هەیە.

* مامۆستای بەشی زانیارییەکانو کتێبخانە لە پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی.

# گەشەپێدانی ئارەزووی خوێندنەوە لای منداڵ

محەمەد مێرگەیی



پەیوەندی نێوان منداڵ و خوێندنەوە، پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە، لەلایەکەوە گەشەپێدانی ئارەزووی خوێندنەوە لە لایدا بەشێکە لە پەروەردەی پۆزەتیڤانەی منداڵ بە گشتی وەکو هەر بەشێکی تر کاریگەر لە ژیان و هزری منداڵ و دروست بوونی کەسایەتییەکەی بۆ پێشکەش کردنی ئەندامێکی سوودبەخش بە کۆمەڵگە و سەرتاپای مرۆڤایەتی، لەلایەکی ترەوە خۆشەویست کردنی خوێندنەوە لە لای منداڵ و گەشەپێدانی ئەم ئارەزووەی، دەبێتە مایەی دروستبوون و ڕەگ داکوتانی نەریتی خوێندنەوە لەلایدا، بەمەش دواجار کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی خاوەن کلتووری خوێندنەوە و عاشقە کتێب و کتێبخانە دروست دەبێت. لەم بنەمایەوە، دەتوانین بڵێین یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی چەسپاندنی وشیاری و ڕۆشنبیری خوێندنەوە و زانینی بایەخ و بەهای کتێب و کتێبخانە لە ژیانی تاك بە تایبەت و کۆمەڵگە بە گشتی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی زوو، ئەمەیش بە پلەی یەکەم لەناو چوارچێوەی خێزاندا و لەناو خێزانیشدا ڕۆڵی باوك و دایك، ئینجا بوارەکانی تری ژیان وەك باخچەی ساوایان و قوتابخانە و هۆکارەکانی تر، ئەوانیش ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبینن لە زیاتر بەرەوپێشبردنی ئەم نەریتەدا.

بەگوێرەی یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان کە لەبارەی خونەریتەکانی خوێندنەوە لەناو منداڵانی قوتابی پۆلی پێنجەم ئەنجام دراوە، ئەوە ئاشکرابووە کەوا ئەو منداڵانەی بەشێوەیەکی تایبەت لە خوێندنەوەدا سەرکەوتووترن و لە پێشەوەی قوتابیانی ترەوەن، ئەوانەن کە چوار ئەوەندە لە منداڵانی تر کاتیان لە خوێندنەوە بەسەر دەبەن، هەروەها ئەو منداڵە سەرکەوتووانەی توانیویانە لە تاقیکردنەوەکاندا ڕێژەی ٩٠٪ بەدەست بهێنن، ئەوانەن کە ڕۆژانە نزیکەی (٢٠) خولەك دەخوێننەوە، (ئەمە جگە لە خوێندنەوەی مەنهەجی قوتابخانە کە لە پۆلەکانیاندا دەیخوێنن)، بەڵام ئەو منداڵانەی ڕێژەی ٥٠٪ بەدەست دەهێنن، ئەوانەن کە لە ڕۆژێکدا تەنها (٦) خولەك دەخوێننەوە. ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە منداڵانی وڵاتانی خۆرئاوا ئەنجامدراوە، ئایا دەبێت منداڵانی ئێمەی وڵاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆ نموونە لە چ ئاستێکدا بن!؟

## چەند ڕێگە و هۆکارێك بۆ گەشەپێدانی ئارەزووی خوێندنەوە لە لای منداڵدا

*سەرەتا دەبێت لە ماڵەوەدا باوك و دایك خۆیان پێشەنگی منداڵەکانیان بن، بەوەی ئەوانیش گەشە بە ئارەزووی خوێندنەوەی خۆیان بدەن، خۆیان خوێنەر و دۆستی کتێب بن و بایەخی خوێندنەوە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگبداتەوە، با منداڵەکان ئەندامانی ماڵەوە ببینن لە گشت بوارەکانی زانیاری و بابەتی هەمەچەشنی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب بە بەردەوامی دەخوێننەوە، چونکە منداڵان بە پلەی یەکەم لاسایی ئەندامانی خێزانەکەیان دەکەنەوە، بە تایبەتی دایك و باوکیان.

*دەبێت ماڵەوە ژینگەیەکی دروستی پڕ لە خوێندنەوە و خۆشەویستی کتێب و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان دروست بکات، ئەمەش بە دروستکردنی کتێبخانەیەکی بچکۆلەی تایبەت بە منداڵەکانیان کە جیاوازبێت لە کتێبخانەی گەورەکان، بەشێوەیەك کە ئەم کتێبخانە تایبەتەی منداڵەکان بەردەوام دەوڵەمەند بکرێت بە کتێبەکان و گۆڤارەکانی منداڵان کەوا بە بەردەوامی چاپ و بڵاودەکرێنەوە، بەو واتایەی منداڵ چواردەوربدرێت بە کتێب و گۆڤار. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا چەندین دەزگا و بەڕێوەبەراتی تایبەت بە کتێبەکانی منداڵان هەن، بە هەمان شێوە چەندین گۆڤاری باشی حکومی و ناحکومی دەردەچن و لە سەرتاپای کوردستاندا بڵاودەکرێنەوە و تا ڕادەیەکی باش دەتوانن خزمەت بە خوێندنەوەی منداڵی کورد بکەن.

*کاتێك دەبینرێت لە ماڵەوەدا منداڵان دەخوێننەوە، دەکرێت هان بدرێن بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەوەی خوێندوویانەتەوە، ئەمەش بە پرسیارکردن لێیان دەربارەی بابەتە خوێنراوەکەوە. یاخود کاتێك منداڵێك لە خێزاندا توانا و بەهرەیەکی تێدا بەدی دەکرێت، با لە ڕێگەی کتێب و بابەتی پەیوەندیدار بە بەهرە و ئارەزووەکەیەوە، زیاتر هان بدرێت.

*خوێندنەوەی بابەتێکی منداڵان بە تایبەتی چیرۆکی سەرنجڕاکێش لەلایەن باوك یان دایك، لە کاتێکی دیاریکراودا، بۆ نموونە شەوانە بەر لە خەوتن، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر هاندان و ئارەزوومەندکرنی منداڵ بۆ خوێندنەوە بە گشتی و جیهانی چیرۆك بە تایبەتی، ئەمە جگە لە گەشەپێدانی توانا هزرییەکانی منداڵ.

*خێزان دەتوانێت بۆنە و یادەکان وەك یادی لەدایکبوونی منداڵەکە یان سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەکاندا، بە هەل بزانێت و کتێب و گۆڤارەکانی منداڵان بکات بە دیاری بۆی.

*لەم سەردەمی زۆربوونی ئامێرەکانی وەکو سەتەلایت و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و یاری و ئەتارییەکان، ئەگەر منداڵ لەماڵەوەدا بەرنامەڕێژی بۆ نەکرێت و کاتەکانی کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا کاتێکی زۆری لێ بەفیڕۆ دەڕوات و لە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار، دوور دەکەوێتەوە. بەپێی توێژینەوەکان ئەو خێزانانەی منداڵەکانیان ئاست بەرزن و بایەخ و گرنگی بە خوێندنەوە دەدەن لە ڕۆژێکدا بە تێکڕای ٢,٢ کاتژمێر سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، ئەمەش کەمترە لە سێیەکی تێکڕای ئەو کاتەی کە بینەری ئاسایی لەو وڵاتانەدا لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەسەری دەبات کە لە ڕۆژێکدا حەوت کاتژمێرە.

*ئاشناکردنی منداڵ هەر لە تەمەنێکی زۆر زوودا بە کتێبخانەو بردنی منداڵ بۆ کتێبخانەی گشتی و ڕاهێنانی لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی کتێب لە کتێبخانەدا و چەسپاندنی نەریتی سەردانکردنی کتێبخانەی گشتی تێیدا.

*هاندانی منداڵ لە قوتابخانەدا بۆ بەشداریکردن لە چالاکی و پێشبڕکێیەکانی نووسین و خوێندنەوەی چیرۆك و هۆنراوە، هەروەها هاندانی بۆ سەردانکردنی کتێبخانەی قوتابخانەکەی.

*بایەخدان بە هەموو ئەو ڕێگە و هۆکارنەی بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبنە مایەی زیاتر گەشەپێدانی حەز و ئارەزووی خوێندنەوە و خۆشەویستی کتێب، بۆ نموونە ئەنجامدانی هەندێك جۆرە یاری، یاخود خوێندنەوەی بە دەنگ، هەروەها هاندانی منداڵەکە بۆ بەستنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو منداڵە هاوتەمەنانەی کە وەکو خۆی ئارەزووی خوێندنەوە دەکەن، یانیش هەر ڕێگەیەکی تر کە خێزان بە گونجاو شیاوی بزانێت.



{خوێندنەوەی بابەتێکی منداڵان بە تایبەتی چیرۆکی سەرنجڕاکێش لەلایەن باوك یان دایك، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر هاندان و ئارەزوومەندکرنی منداڵ بۆ خوێندنەوە}




{خۆشەویست کردنی خوێندنەوە لە لای منداڵ و گەشەپێدانی ئەم ئارەزووەی، دەبێتە مایەی دروستبوون و ڕەگ داکوتانی نەریتی خوێندنەوە لەلایدا و بەمەش دواجار کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی خاوەن کلتووری خوێندنەوە و عاشقە کتێب و کتێبخانە، دروست دەبێت}

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
– **كيف ينشيء الاباء الاكفاء ابناء عظاما**، **د. الان ديفيدسون و روبرت ديفيدسون**.
– **دليل الآباء لتنمية مهارات الابناء–٢**، **زكي مهدي محمد الرباعي**.

# لەسەردانێکی کتێبخانەی پەیمانگای تەکنیکی هەولێردا

**هەولێر/ حەمەسوار عەزیز**

کتێبخانەی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر دەکەوێتە باڵەخانەیەکی بچووك لەنێو پەیمانگاو لە هۆڵێکی خوێندنەوەی مامناوەندی و هۆڵی کتێبخانەو چەند ژوورێکی فەرمانبەران پێکهاتووە، بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتی کارکردنی ئەم یەکەیەو سروشتی ئەو قوتابیو خوێنکارانەی کە ڕۆژانە دێنە ئەم کتێبخانەیە، سەردانی کتێبخانەکەمان کردو لەبەرئەوەی لەو کاتەدا بەرپرسی کتێبخانە ئامادە نەبوو، سەردانی ژووری فەرمانبەرانمان کرد، لەوێ چەند خاتوونێك لەپشت مێزەکانەوە پێشوازییان لێکردین و ئامادەبوون لەبارەی کتێبخانەوە قسەمان بۆ بکەن، بەڵام ئامادە نەبوون وێنەیان بگیرێت.

*سەرەتا خاتوو (ئیخلاس وەیسی) کە بەرپرسی هاوردە و دەرهاوێشتەکردنی (ئیدخال و ئیخراج) کۆگای کتێبخانەیە وتی:* "کتێبخانەکەمان ٧١٦٠ کتێبی جۆراو جۆری بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی تێدایە، لەم ژمارەیە ٤٧٠ کتێبیان کوردین و ٤٣٢٧ کتێب بەزمانی عەرەبییەو ٢٣٦٣ کتێبیش بە زمانی ئینگلیزییە، زۆرینەی کتێبە کوردییەکان لەبواری ئەدەبەوەن و چەند کتێبێکی کەمیش لە بوارەکانی مێژوو،_کارگێڕی کار،_کۆمەڵناسیو_ئابووری تێدایە، بەڵام کتێبە عەرەبی و ئینگلیزییەکان، زۆرترینیان لە بوارەکانی زانستە جۆراو جۆرەکانن، مانگانە ٣٠٠ –٤٠٠ خوێنکار سەردانی کتێبخانە دەکەن، بەتایبەتیش لە کاتەکانی تاقیکردنەوەو ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر بوارە جیاجیاکانی مەنهەجی خوێندن، لەسەدا حەفتای ئەو خوێندکارانەش بەهۆی نەشارەزاییان لە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، داوای کتێبی کوردی دەکەن".

*لەبارەی شێوازی خواستنی کتێب و چۆنیەتی پۆلێنکردنی کتێبەکان، خاتوو ئیخلاس وتی:* "کتێبەکان بەشێوازە کۆنەکە واتە شێوازی (لیست) پۆلێنکراون و خواستنی کتێبیش بۆ قوتابیان کراوەیەو خوێندکار دەتوانێت بۆ ماوەی یەك حەفتە کتێب لای خۆی



پەیمانگای تەکنیکی هەولێر

بهێڵێتەوەو بیباتە دەرەوەی پەیمانگا تەنها فەرهەنگەکان نەبێت کە خوێنکارو قوتابی بۆیان نییە بیبەنە دەرەوەی پەیمانگا".

*لەنێو کتێبخانەی پەیمانگا، چەند کۆمپیوتەرێك بە هێڵی ئەنتەرنێتەوە بۆ خوێنکاران دابین کراوە، لەبارەی شێوازی بەکارهێنانی ئەم کۆمپیوتەرانەوە لەلایەن خوێندکارانەوە، فازل عەباس فەرمانبەری کتێبخانە وتی:* " ئێمە هەشت کۆمپیوتەرمان هەیە کە بە هێڵی ئەنتەرنێتەوە بەستراوەتەوە، هەر قوتابییەك بۆی هەیە بۆ یەك کاتژمێر ئیش لەسەر ئەنتەرنێت بکات و ئەگەر پێویستیش بێت ئەو ماوەیە زیاد دەکرێت، ڕێگا نادرێت خوێندکاران ئەنتەرنێت بەدەر لەبواری زانستی و هەواڵەکان بەکار بێنن". *لەبارەی ئەوەی کە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ژمارەیەکی زۆر خوێندکارو قوتابی تیاییدا دەخوێنن، کەچی تەنها هەشت کۆمپیوتەر هەیە کاری لەسەر بکەن، ئایا ئەو ژمارەیەی کۆمپیوتەر بەکەم نازانن، (فازل) وتی:* "بەداخەوە قوتابی ئەمرۆ وەك پێویست بایەخ بە زانست و خوێندنەوە نادات، بۆیە سەیر بکە لەم هەشت کۆمپیوتەرەش ئێستا ژمارەیەکی بەتاڵەو کەس کاری لەسەر ناکات.

پاشان سەردانی هۆڵی خوێندنەوەمان کرد، کە تیاییدا ژمارەیەکی زۆر خوێندکار خەریکی خوێندن و نووسین بوون، بەڵام بەهۆی نەشایستەیی هۆڵەکەو ژمارەی زۆری قوتابییەکان، دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵبێکی زۆر لە نێو هۆڵەکە دەبیسترا کە وایدەکرد ئەم هۆڵە بەهیچ شێوەیەك شیاو نەبێت بۆ خوێندنەوە، زۆرینەی خوێندکارەکانیش خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکانی مەنهەجی خوێندن بوون.

*(بەشدار) کە یەکێك لەو قوتابیانەبوو دیاربوو خەریکی نووسینەوەی وانەکانی بوو، بۆمان دواو وتی:* "ئێمە وەك پێویست سوود لە کتێبەکانی ئێرە وەرناگرین، لەبەر ئەوەی کتێبی کوردی زۆر کەم تێدایەو زۆرینەی کتێبەکان بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزیین". *خوێندکار ئەحسا موحەمەد لەبەشی کارگێڕی یاسا وتی:* "ئێمە بۆ ئامادەکردنی راپۆرت سوود لە کۆمپیوتەرو هێلەکانی ئەنتەرنێت وەردەگرین، بەتایبەتیش لەبواری کوردۆلۆجی، بەڵام ژمارەی کۆمپیوتەرەکان بۆ ژمارەی قوتابیەکان زۆر کەمە، زۆرجار لەبەر ئەمە ناتوانین ئیش لەسەر کۆمپیوتەرەکان بکەین، لەبەر ئەوەی دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر نۆرە بگرین، کۆمپیوتەرەکانیش شوێنی تایبەتییان نییە، چونکە لە هۆڵی خوێندنەوە دانراون کە جێگەیەکی جەنجاڵەو بەکەڵکی خوێندن نایەت، زۆرێك لەو کتێبانەش کە ئێمە پێویستمانە بۆ راپۆرت و خوێندن بەتایبەتیش کتێبی کوردی، لێرە دەسناکەون".

*هەر لەنێو هۆڵی خوێندنەوە خاتوو (ئەژی عارف) کە لەسەر کۆمپیوتەر کاری دەکرد وتی:* " ئێمە لێرە زۆر سوود لە کتێبە غەیرە کوردییەکان وەرناگرین، لەبەرئەوەی زۆرینەمان بەزمانی کوردی خوێندوومانە، بۆیە خۆزگە (کتێبخانەکە) کتێبی کوردی زیاتری تیابووایە".

بۆ گەیاندنی بیروڕای خوێندکارەکان وقسەکردن لەسەر کێشەکانی کتێبخانەی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، *مامۆستا (محەمەد کانی) بەرپرسی کتێبخانە لەبارەی کێشەکانی کتێبخانەکە بۆمان دواو وتی:* " هۆڵی خوێندنەوەی کتێبخانەکەمان، مۆدێرن نییە و ژاوەژاوو غەڵبەی زۆر تێدایە، بەڵام چاککردنی هۆڵەکە پێویستی بە پارە هەیە، ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە". هەروەها، لەبارەی کەمی ژمارەی کتێبە کوردییەکان لەم کتێبخانەیە بەڕێزیان وتی:"شێوازی کڕینی کتێب هەڵەیە، ئێمە ساڵانە کتێبمان بۆ دەکڕدرێت، بۆ نموونە ساڵی پار بەبڕی ٥٠٠٠ دۆلار کتێب کڕاوە، بەڵام بۆ ئەم کڕینە لیژنەیەك دروست دەکرێت کە ڕەنگە زۆرجار ئەو لیژنەیە زانیاری باشیان لەم بوارە نییەو دەچن لە پیشانگایەکی کتێب ژمارەیەك کتێب دەکڕن، بەڵام زۆرجار کتێبەکان کە بەسەندوق بەدەستمان دەگات، ئەوانە نین کە کڕدراون، دەزگاکانی خۆشمان کە کتێبیان لێدەکڕیت داوای پارەی کاش دەکەن کە بەداخەوە ئەو پارەیە لەدەست ئێمە نییە تا بتوانین کتێب لەو دەزگایانە بکڕین، بۆیە ئەگەر ئەو لیژنەیە لەنێو پەیمانگا دروست بکرێت، زۆر



محەمەد کانی

باشترە و ئێمە دەتوانین زۆر کتێبی پێویست بکڕین، بۆیە من پێموایە لە کڕینی کتێبەکان بێبەرنامەییەك هەیە، هەروەها کێشەیەکی ترمان هەیە ئەویش هەڵگرتنی کتێبەکان بەشێوازێکی زانستی مۆدێرن نییە و بۆیە زۆرێك لە کتێبەکانمان ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت تێکبچن و لەکار بکەون".

شایانی باسە زیاتر لە ٣٠٠٠ خوێندکار لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بە دوو تایمی دەوام دەخوێنن و کتێبخانەی پەیمانگاش لە هەشت و نیوی بەیانی تا حەوتی ئێوارە کراوەیەو خوێندکاران دەتوانن سوودی لێوەرگرن.



لەهۆڵی کتێبەکاندا

# بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی بەرنامەیەکی دروست بۆ ساڵی ٢٠١٠

**بەهرە عیزەدین**

بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، یەکێکە لەو دەزگایانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بەشێوەیەکی بەردەوام چاپکراوی بەنرخ پێشکەشی کتێبخانەی کوردیو خوێنەران دەکات.

بۆ ئاگاداربوون لەپلانی نوێیی ئەم بەڕێوبەرێتییە بۆ ساڵی نوێی ٢٠١٠، بەڕێز محەمەد کوردۆ بەڕێوەبەری



محەمەد کوردۆ

چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ئەم لێدوانەی بە (ئاسۆی کتێبخانە) راگەیاند:

لەرووی چاپکردنی کتێبەوە، هەم وەك ناوەرۆك و جۆری کتێب، هەمیش وەك دیزاینی بەرگو ناوەوەو کوالیتی چاپکردنی کتێبەکان، چەند گۆڕانکارییەکمان کردووە کە ئەوەیان ناکرێت خۆمان بڵێین باشمان کردووە یان خراپ.

بۆ ساڵی ٢٠١٠ش جگە لەوەی لەسەر کارەکانی خۆمان بەردەوام دەبین، بەرنامەمان بۆ ئەم بوارانەش داناوە کاریان لەسەر بکەین:

١– بایەخدانی زیاتر بەو کتێبانەی خوێندکارانی کۆلیژو پەیمانگاکان پێویستیان پێدەبێت.

٢– بایەخدانێکی تایبەت بە کتێبی تەندروستی کە کتێبخانەی کوردی زۆرترین پێویستی پێیەتی، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ چەند پزیشکێکدا قسەمان کردووە هەر کەسە لە بواری خۆیدا کتێبمان بۆ ئامادە بکاتو ئێمەش بۆیان چاپ بکەین، هەندێکیان وەڵامدانەوەیان باش بووە و هەندێکیان نا.

٣– بایەخدانێکی تایبەت بە کتێبو بەرهەمی ئەو لاوانەی قەڵەمی باشن، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەناسراون کەس ئامادە نییە کتێبیان بۆ چاپ بکات.

٤– کێشەیەکی گەورەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەر لەدەستبەکاربوونی من، مانەوەی زۆربەی کتێبە چاپکراوەکان بووە لە گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتیماندا کە ئەمەش چەند هۆیەکی هەبووە، لەوانە: تیراژی زۆری هەندێك لە کتێبەکان، خراپی هەندێك لە کتێبەکان لە رووی ناوەرۆك و دیزاینەوە، دابەشنەکردنی کتێبەکان بەسەر هەموو کتێب فرۆشەکانی ناو شارو دەرەوەی شاردا، نەناردنی کتێبە عەرەبییەکان بۆ کەرکوك و بەغداد، ریکلام نەکردن بۆ کتێبەکان. بایەخنەدانی پێویست بەکردنەوەی پێشانگا. ئێمە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لەمساڵدا بەرنامەمان داناوە:

١– تیراژی کتێبەکانمان بە زۆری ٥٠٠ دانە بێت، تەنها ئەو کتێبانە لە ٥٠٠ دانە زیاتربن، کە کتێبی زۆر باشن و فرۆشتنیان مسۆگەرە.

٢– ئاستی کتێبەکان هەم لە رووی ناوەڕۆكو هەم لە رووی دیزاینی بەرگ و ناوەشەوە، بەرز بکرێنەوە.

٣– لەگەڵ کۆمپانیایەکی دابەشکردنی کتێبدا رێکبکەوین کە کتێبەکانمان بەسەر هەموو کتێبخانەکانی ناو شارو دەرەوەی شارو شارۆچکەکانیشدا، بۆ دابەش بکات.

١– کتێبە عەرەبییەکانمان بۆ کەرکووكو بۆ بەغداد بنێرین.

٢– کتێبەکانمان بەسەر زۆربەی دامودەزگاکانی راگەیاندندا دابەش بکەینو ریکلامیان بۆ بکەین، تاکو لەو رێگەیەوە ئاستی فرۆشتنی کتێبەکانمان بەرز بکەینەوە.

٣– چەندین پێشانگا لە شارو شارۆچکە جیاجیاکانی کوردستاندا بکەینەوەو داشکاندن لە نرخەکانیاندا بکەین، هەروەها بە نیازین لە ناو پەیمانگا و زانکۆکانی کوردستاندا، چەند پێشانگایەك بکەینەوەو ئەو کتێبانەیان تێدا بفرۆشین کە خوێندکاران پێویستیان دەبێت.



# ئیندێکسی دوو ژمارەکەی گۆڤاری چیا

## (١٩٧٠-١٩٧١)

د. شوان سلێمان یابە

**چیا، گۆڤارێکی ئەدەبییە، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە (سەرنڤێسانو رێبەر: بەدرخان سندی)، ژمارە یەکی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠ و ژمارە دووی ساڵی ١٩٧١ بڵاوکراوەتەوە، ئەم گۆڤارە لەشاری دهۆك، لەچاپخانەی (دهۆك) لەچاپ دراوەو قەوارەکەشی بریتی بووە لە ٢٠×١٤ سم*.**

### ئیندێکسی بابەت

**ئامێدی- مێژوو**

- گەرهاتەك دناڤ وەلاتێدا- ئامێدی، ئەنوەر مائی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٤-٥.

**ئەدەب- لێکۆڵینەوە**

- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ناسر یوسف، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل١٧-٢٢.

**ئەدەبی کوردی- چیرۆك**

- مالی مەردیو چروکی وەك ئیك دچیت، فەیسەل مستەفا، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٧-١٩.

ئەدەبی کوردی- چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی

- شڤانو دز، سەگڤان عەبدولحەکیم، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٦-٥٧.
- میهرەبان خاتوین، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٣٥-٣٦.

**ئەدەبی کوردی- فۆلکلۆر**

- ئەلیاسی ژار، ڕەشید فندی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٢-٧٣.
- پەندی پێشینان، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل١٣.
- گۆتنێت مەزنا،ژ(١)ی١٩٧٠، ل٦.
- گوهی فروتی سەری ڤەڕوتی، فەیسەل مستەفا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٧-٦٩.

**ئەدەبی کوردی — لێکۆڵینەوە**

- ئەی ڕەقیب، ژ(١)ی ١٩٧١، ل١٠.
- حاجی قادری کۆیيو شیعری نەتەوایەتی، کەریم شارەزا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢٥-٣٤.
- دڵدار، محەمەد عەلی ئیبراهیم، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٧-٩.
- فەقێی تەیران، خەلیل دۆسکی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٤-٥٥.
- کۆنی تازیی لە هەڵبەستا، گۆران، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥-٧.
- مەولەوی، ح. هەورامی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٢-٤٥.
- هەلوێستو هولویست، محەمەد مەولوود(مەم)، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٣٧-٤٠.
- هۆی دواکەوتنی پەخشانی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوولْ، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٩-٥١.

**تەندروستی**

- کولێرا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢١-٢٣.

**چیاکانی کوردستان- سوودەکانی**

- چیایت کوردستانی، محەمەد سەلیم ئامێدی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٩-٧٣.

**چیرۆك بۆ مندالان**

- چاوا سە بونە دۆست،مستەفا ئەلحاج، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٤.

**داری کاژ- سوودەکانی**

-کاژ، جەمیل ئەحمەد مستەفا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٦-٤٨.

**زاخۆ- مێژوو**

- گەرهاتەك د ناڤ وەلاتێدا- زاخۆ، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل١٤-١٦.

**زانست**

- مێژوەر و چانورەخ، هاشم تەها ئاکرەیی، ژ(١)ی ١٩٧٠، ل١٤-١٥.

**زمانی کوردی**

- ئاستەنگێت دریکا ئیکونیا زمانی کوردیدا، سادق بەهائەدین، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل ٨-١٢.

**سەربازی وون- زانیاری**

- لەشکری نەنیاس، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٦.

**شانۆگەری**

- تۆبە، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٨-٦٣.

**شیعر**

-خانی بێژە زین و مەمی، ب. سندی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٣.
- خوسن، بێریڤان مەحموود عیسا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٣.
- تۆ ئەزانی ئەی وەتەن، دڵدار، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤.
- دی هلو ڤەژین بە خانی، ب. سندی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٥.
- ڕاستە، مەشخەل، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٦-٦٧.
- گولا ئومێدی، مەسعوود کەتانە، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢٣-٢٤.
- مەلای جزیری، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١١.
- نازی جوانی، جەلال خۆشناو، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٢-٥٣.

**مێژووی کورد**

- لاپەڕەپەك ژ مێژیا کوردی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٢-١٣.

**هەمەجۆر**

- ئەری تو دزانی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤١.
- ڕاستکرنا ناڤێت کوردی ل دەڤەرا بەهدینا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٦.
- ڕێکا چیایی، ب. سندی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٣.
- کارو گوتن، خالید حوسێن، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٤-٦٥.

**ناوی مانگەکان بە سۆرانی و بادینی**

- ناڤێت هەیڤێت کوردی بزانە (سۆرانی — بەهدینانی)، مستەفا موسا ئەتروشی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٥.

### ئیندێکسی نووسەران

**ئەنوەر مائی**

- گەرهاتەك دناڤ وەلاتێدا- ئامێدی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٤-٥.

**ب. سندی ( د. بەدرخان سندی)**

- خانی بێژە زینو مەمی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٣.
- دی هلو ڤەژین بە خانی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٥.
- ڕێکا چیایی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٣.

**بێریڤان مەحموود عیسا**

- خوسن، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٣.

**ح. هەورامی**

- مەولەوی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٢-٤٥.

**جەلال خۆشناو**

- نازی جوانی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٢-٥٣.

**جەمیل ئەحمەد مستەفا**

- کاژ، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٦-٤٨.

**خالید حوسێن**

-کارو گوتن، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٤-٦٥.

**خەلیل دۆسکی**

- فەقێی تەیران، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٤-٥٥.

**دڵدار**

- تۆ ئەزانی ئەی وەتەن، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤.

**ڕەشید فندی**

- ئەلیاسی ژار، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٢-٧٣.

**سادق بەهائەدین**

- ئاستەنگێت دریکا ئیکونیا زمانی کوردیدا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل ٨-١٢.

**سەگڤان عەبدولحەکیم**

-شڤان و دز، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٦-٥٧.

**فەیسەل مستەفا**

- گوهی فروتی سەری ڤەڕوتی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٧-٦٩.
- مالی مەردی و چروکی وەك ئیك دچیت، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٧-١٩.

**عەبدولغەنی عەلی یەحیا**

- تۆبە، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٨-٦٣.

**عیزەدین مستەفا ڕەسوولْ (دکتۆر)**

- هۆی دواکەوتنی پەخشانی کوردی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٩-٥١.

**کەریم شارەزا**

- حاجی قادری کۆیی و شیعری نەتەوایەتی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢٥-٣٤.

**گۆران**

- کۆنی تازیی لە هەڵبەستا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥-٧.

**محەمەد سەلیم ئامێدی**

- چیایت کوردستانی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٩-٧٣.

**محەمەد عەلی ئیبراهیم**

- دڵدار، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٧-٩.

**مستەفا ئەلحاج**

- چاوا سە بونە دۆست، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٤.

**مەسعوود کەتانە**

- گولا ئومێدی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢٣-٢٤.

**مەشخەل**

- ڕاستە، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٦-٦٧.

**محەمەد مەولوود(مەم)**

- هەلوێست و هولویست، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٣٧-٤٠.

**مستەفا موسا ئەتروشی**

- ناڤێت هەیڤێت کوردی بزانە (سۆرانی — بەهدینانی)، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٥.

**ناسر یوسف**

- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل١٧-٢٢.

**هاشم تەها ئاکرەیی**

- مێژوەر و چانورەخ، ژ(١)ی ١٩٧٠، ل١٤-١٥.

### ئیندێکسی ناونیشان

- ئاستەنگێت دریکا ئیکونیا زمانی کوردیدا، سادق بەهائەدین، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل ٨-١٢.
- ئەری تو دزانی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤١.
- ئەلیاسی ژار،ڕەشید فندی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٢-٧٣.
- ئەی ڕەقیب، ژ(١)ی ١٩٧١، ل١٠.
- بەرپەرەك ژ مێژیا کوردی- هەکاری، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٣-٤.
- پەندی پێشینان، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل١٣.
- تۆ ئەزانی ئەی وەتەن، دڵدار، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤.
- تۆبە، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٨-٦٣.
- چاوا سە بونە دۆست، مستەفا ئەلحاج، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٤.
- چیایت کوردستانی، محەمەد سەلیم ئامێدی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٩-٧٣.
- حاجی قادری کۆیيو شیعری نەتەوایەتی، کەریم شارەزا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢٥-٣٤.
- خانی بێژە زینو مەمی، ب. سندی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٣.
- خوسن، بێریڤان مەحموود عیسا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٣.
- دڵدار،محەمەد عەلی ئیبراهیم، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٧-٩.
- دی هلو ڤەژین بە خانی، ب. سندی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٥.
- ڕاستکرنا ناڤێت کوردی ل دەڤەرا بەهدینا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٦.
- ڕاستە، مەشخەل، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٦-٦٧.
- ڕێکا چیایی، ب. سندی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٣.
- شڤانو دز، سەگڤان عەبدولحەکیم، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٦-٥٧.
- فەقێی تەیران، خەلیل دۆسکی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٤-٥٥.
- کارو گوتن، خالید حوسێن، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٤-٦٥.
- کاژ، جەمیل ئەحمەد مستەفا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٦-٤٨.
- کولێرا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢١-٢٣.
- کۆنی تازیی لە هەڵبەستا، گۆران، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥-٧.
- گەرهاتەك د ناڤ وەلاتێدا- زاخۆ، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل١٤-١٦.
- گەرهاتەك دناڤ وەلاتێدا- ئامێدی، ئەنوەر مائی،ژ(١)ی١٩٧٠، ل٤-٥.
- گۆتنێت مەزنا، ژ(١)ی١٩٧٠، ل٦.
- گولا ئومێدی، مەسعوود کەتانە، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٢٣-٢٤.
- گوهی فروتی سەری ڤەڕوتی، فەیسەل مستەفا، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٦٧-٦٩.
- لاپەرەپەك ژ مێژیا کوردی، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٢-١٣.
- لەشکری نەنیاس، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٦.
- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ناسر یوسف، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل١٧-٢٢.
- مالی مەردی و چروکی وەك ئیك دچیت، فەیسەل مستەفا،ژ(١)ی١٩٧٠، ل١٧-١٩.
- مەلای جزیری، ژ(١)ی١٩٧٠، ل١١.
- مەولەوی،ح. هەورامی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٢-٤٥.
- میهرەبان خاتوین، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٣٥-٣٦.
- مێژوەرو چانورەخ، هاشم تەها ئاکرەیی، ژ(١)ی ١٩٧٠، ل١٤-١٥.
- نازی جوانی، جەلال خۆشناو، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٥٢-٥٣.
- ناڤێت هەیڤێت کوردی بزانە( سۆرانی — بەهدینانی)، مستەفا موسا ئەتروشی، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٧٥.
- هەلوێستو هولویست، محەمەد مەولوود(مەم)، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٣٧-٤٠.
- هۆی دواکەوتنی پەخشانی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوولْ، ژ(٢)ی ١٩٧١، ل٤٩-٥١.



عەبدوڵڵا گۆران



د. عیزەدین مستەفا ڕەسولْ



ڕەشید فندی

*د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨، ل٢٥٣.

سەرنج: لە ژمارە (٥)ی بڵاوکراوەکەماندا، بەهەڵە ناوی نووسەر ببووە د. شوان ئیسماعیل یابە، داوای لێبوردن لە برای نووسەرمان دەکەین. ئاسۆی کتێبخانە

# نووسین بە ترس و لەرزەوە

حەمە سەعید حەسەن



حەمەسەعید حەسەن

دێمۆکراسی ئەوە نییە پیاو بیروڕای سیاسیی خۆی بڵێ و کەسێ ڕێی لێ نەگرێ، دێمۆکراسی ئەوەیە ژن، باسی خۆشەویستیی بکا و کەس نەیکوژێ[1].

یان مەنووسە، یان کە نووسیت، هەویری نووسینەکانت بە ئاوی ڕاستگۆیی بشێلە! یان مەنووسە، یان کە نووسیت، با ئەوین، یان یاخیبوون، هاندەرت بێت بۆ نووسین. نووسین حیلەی ئەسپی قەڵەمە، ئەگەر ئەسپی قەڵەمەکەت لە حیلە کەوتووە، وا باشترە چی زووترە، دەست لە نووسین هەڵبگریت. کێشەی نووسینمان نییە، کێشەی ئەوەمان هەیە، زۆربەی نووسینەکان کەسێك نییە بیانخوێنێتەوە. ئەگەر کەس نییە بتخوێنێتەوە، ئەوە هەڵەی خۆتە، تۆ کە توانای ئەوەت نییە بە زمانێکی پاراو بنووسیت، کە ناتوانیت بە زمانێکی ئاسان باسی کێشەیەکی ئاڵۆز بکەیت، کە پێت ناکرێت هاوزەمان ڕوون و قووڵ بنووسیت، کە بۆت جێبەجێ ناکرێت بە شێوازێکی خۆڕسك بنووسیت، خۆت مەکە بە گاڵتەجاڕ! واز لە نووسین بهێنە! بە شێوازی خۆڕسك نووسین، ڕەچاونەکردنی قاڵبە دێرینەکان و تەکنیکە کۆنەکانی نووسینە.

ئیبن خەلدوون (١٣٣٢–١٤٠٦) دەیگوت: (مانا بۆیە کراسی گوتە دەپۆشێت، چونکە مانا بێ کراسی گوتە، هەبوونی نییە.) کەواتە ئەگەر نازانیت بە زمانێکی جوان بنووسیت، بانگەشە بۆ ئەوە مەکە کە خاوەنی مانای جوانیت. بۆ ئەوەی بتوانیت جوان بنووسیت، پێویستە لە نهێنیی گوتە و لە چۆنییەتیی بەگەڕخستنی تواناکانی تێبگەیت. پێویستە لەوە ئاگادار بیت، نووسین لە ڕۆژنامەدا کە ڕووی دەمی لە زۆربەیە، جیاوازە لە نووسین لە کتێبێکدا کە بۆ دەستەبژێر دەپەیڤێت.

قەت ڕۆمانی واتان خوێندووەتەوە، چەند پەڕەیەکی کۆتایی پێوە نەمابێت و بە خەیاڵی خۆتان چیرۆکەکەیتان تەواو کردبێت؟ نووسەری چاك چونکە ڕێز لە خەیاڵی خوێنەر دەگرێت، هەموو شتێك نانووسیت، هەندێکی بۆ خەیاڵی خوێنەر جێ دەهێڵێت. بە دڵەڕاوکێوە بنووسە! هەر نووسینێك شتێکی نوێ نەخاتە سەر خەرمانی نووسینەکانی پێشووت، بڵاوی مەکەوە! ئەگەر نووسین لە کنت ئامانج نییە، مەنووسە! خۆت بە شتێکی دیکەوە خەریك بکە! قەت هانا بۆ وروژاندن مەبە! ئەوانەی دەخوازن لە ڕێی وروژاندنی سکاندالەوە، ناوبانگ پەیدا بکەن، کەسانی ناساغن و ئەگەر توانایەکیشیان هەبێت، لە کیس خۆیانی دەدەن.

گلەیی لە بەختی خۆت مەکە! ئەوە نەك دەگمەن، تەنانەت مەحاڵیشە، تۆ شتی باڵا بنووسیت و خوێنەر نزم سەرنجی بدات. بەشێك لە (ناوبانگ)ی محەممەد شوکری بە (زڕاندنی ناو)ی باوکییەوە بەندە، ئەو لە ڕۆمانی (تەنیا بە نانی ڕووت)دا کە ناودارترین بەرهەمیەتی، بە جۆرێك ناوی باوکی زڕاندووە، شکۆمەندیی خاپوور کردووە. ئەوە نیشانەی ئازایەتیی فیکری و زیرەکییشە، نووسەر لەبری ئەوەی پەسنی خۆی بدات، ڕەخنە لە خۆی بگرێت، وەلێ ئایا ئەوە کارەسات و تەنانەت سکاندالیش نییە، نووسەر لە ڕێی زڕاندنی ناوی باوکییەوە، لە هەوڵی پەیداکردنی ناوبانگدا بێت؟

**گیانی من، بۆ تەڵێ، وەنەوشە، پەرۆشە**
**کە لەژێر، سێبەری، تووتڕکا، خامۆشە[2]**

شیعر هاتوهاوار نییە، هونەری شیعر "خۆزیە پاڵنتی" گوتەنی، لەوەدایە: (پێش ئەوەی دەنگی وشەکانی بژنەویت، بێدەنگییەکەی بە گوێت ئاشنا ببێت.) لە شیعردا ئەوە بە نەمریی دەمێنێتەوە کە بێدەنگیی دەیڵێت، نەك بانگ و هاواری وشە. هەمیشە وشە خامۆشەکانی بەر سێبەر، لە وشە دەمبەهاوارەکانی بەر هەتاو کاریگەرترن. لە خۆتەوە شت مەنووسە و وەك شیعر بە خوێنەری مەفرۆشە! ئەگەر بێجگە لەو شتانەی خۆت بە شیعریان دەزانیت، ناتوانیت هیچی دیکە بنووسیت، ئەوا گومانت لەوە نەبێت، نە شاعیریت و نە هیچ.

**لە پێدەشتەکانی ڕۆحدا**
**بە دوای ئاسکە سرکەکانی خەونەکانمدا**
**ڕادەکەم**

ئەو ڕستە شیعرییە، هی عەلی حەددادە، ئەگەر قەت ڕستەیەکی وا جوانت نەنووسیوە، یان دروستتر، ئەگەر هەرگیز بە وشە وێنەیەکی وا جوانت نەکێشاوە، ئیدی بە چییەوە لافی ئەوە لێ دەدەیت کە شاعیریت؟ تۆ کە نازانیت نووسەر بە یەك واو دەنووسرێت یان بە دووان، ئیدی بۆچی خۆت پێ نووسەرە؟ تکایە پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکەیت، خۆت فێری خاڵبەندی بکە! ئاخر جاری وا هەیە فەرامۆشکردنی وێرگولێك، مانای پەرەگرافێك دەشێوێنێت. تۆ کە نازانیت، پەرەگراف چییە، نازانیت لە کوێدا خاڵ، فاریزە و نیشانەکانی دیکەی خاڵبەندی دادەنرێن، ئیدی هەق نییە خۆت بە نووسەر بزانیت. حەز دەکەم لەوە دڵنیا بیت، جیاکردنەوەی پەرەگرافەکان، دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی بە دروستی و لە جێی شیاوی خۆیاندا، ڕەچاوکردنی ڕێنووس و پێبەندبوون بە ڕێزمانەوە، شتگەلی شکڵی نین، جەوهەرین.

شیعر لە ڕوانگەی (ڕۆبەرتفرۆست)ـەوە، ئەو شتەیە کە سەروەختی وەرگێڕان بزر دەبێت، وەلێ شیعر وەك بورخیس دەبێژێت بێجگە لە (سۆز و چێژ) هیچی دیکە نییە. چونکە شیعر چەندان لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆیە کەس مافی ئەوەی نییە، لێکدانەوەکەی خۆی بۆ ئەم یان ئەو شیعر بە دروست بزانێت. ئەرکی شیعر ئەوەیە، هەوڵی لەقاندنی شتە جێگیرەکان و گۆڕینی شتە نەگۆڕەکان بدات و بێ سڵکردنەوە لە سانسۆرە دەروونیی و دەرەکییەکان، شتە نهێنییەکان بەسەر بکاتەوە. شاعیر ئەوە نییە، دیاردە ناشیرینەکان، جوان نیشان بدات، ئەوەیە لەو دیاردە ناشیرینانە، شیعرێکی جوان بەرهەم بهێنێت.

(کێش و سەروا دوو ڕێسای دەرەکین و خۆیان بەسەر شیعردا دەسەپێنن، وەلێ ڕیتم خۆڕسکانە لە ناخی زمانەوە هەڵدەقوڵێت و (شەکسپیر) گوتەنی: ئەوی موزیك لە ناخیدا نەبێت، دەرك بە ڕیتم ناکات.)[3] چونکە وەك (واڵت وایتمان/ ١٨١٩– ١٨٩٢) دەڵێت: (شیعر گوتنی گۆرانییە بۆ خودی خۆت) بۆیە دەبێت لە کۆتی کێش و پێبەندی سەروا ئازاد بکرێت. دیوانی (پەلکەگیا)ی وایتمان کۆمەڵە شیعرێکە پڕ بە پێستی وشەکە ئازاد. (ئەزرا پاوەند/ ١٨٨٥–١٩٧٢) کە ئەویش کێشی فەرامۆش دەکرد، لەگەڵ ئەو جۆرە کێشەدا بوو کە خۆڕسکانە پەیدا دەبێت.

گرێی دەروونیت بەرانبەر ژن نەبێت! چارەنووسی خۆت بە ژنێکەوە گرێ بدە و لە هیچ مەترسە! (شۆپنهاوەر/ ١٧٨٨– ١٨٦٠) بە هەڵەدا چووبوو کە دەیگوت: (ژن لە پیاو نزمترە،) دەیتوانی بەو بیانووەوەی کە ناخوازێت ئازادیی لە کیس بچێت، وەك بێتهۆڤن و بێرنارد شۆ، ژن نەهێنێت. عەققادیش کە بەرانبەر ژن عوقدەی هەبوو، دەیگوت: (ژن و ناپاکی، دووانەن،) یان: (ژن هەمیشە کۆمبارس بووە، لە هیچ بوارێکدا کارەکتەری سەرەکیی نەبووە.) بیرمەندی ئیتالیایی جیۆردانۆبرۆنۆ کە لە سەرەتای یەکەمین سالی سەدەی هەڤدەیەمدا بە هۆی بیروڕا زانستییەکانییەوە، ئاگری تێ بەر درا، دواتر لە هەمان ئەو گۆڕەپانەدا کە تێیدا سووتێندرا، پەیکەری بۆ چێ کرا. شۆپینهاوەرو عەققاد، بەو گوتانەیان سزا نەدران، خۆیان سزای خۆیانیان دا.

**لەم سەردەمە نووتەکەدا**
**تەنانەت هەتاویشیان برد،**
**بە تاوانی ئەوەی نامەی پرشنگاوی،**
**بەسەر پەنجەرەی ماڵاندا دابەش دەکا،**
**لە کونجی زیندانیان توند کرد.[4]**

لە ساڵی ١٩٢٥دا، شێخ عەلی عەبدولڕازق کە لە قاهیرە قازی بوو، کتێبێك بە ناونیشانی: (ئیسلام و بنەڕەتەکانی فەرمانڕەوایی)یەوە بڵاودەکاتەوە، تێیدا باس لەوە دەکات کە (نە خەلافەت یەکێکە لە بنەڕەتەکانی ئیسلام، نە فەرمانڕەوا سێبەری خودایە لەسەر زەوین، نە بە میرات مانەوەی دەسەڵات شتێکی شەرعییە، ئاخر ئیسلام سیستەمێکی حوکمکردنی دیاری نەکردووەو ئەوەی بۆ لێکدانەوەی موسڵمانان جێ هێشتووە.) هەرچەندە ئەو سەردەمە توندڕۆکان سەرئێشەو کێشەیان بۆ دروست کرد، وەلێ لە کۆتایی تەمموزی ٢٠٠٨دا، ئەزهەر فەتوای دا: (گوێزانەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ، کارێکی ناشەرعییەو دەبێت سەرۆك لە ڕێی دەنگدانی گشتیی ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە دیاری بکرێت.)[5] کەواتە ئەوی جوان بنووسێت و جوان بیر بکاتەوە، زوو یان درەنگ، ڕێز لە خۆی و بەرهەمی دەگیرێت.

**پەراوێزەکان**

(١) و (٤) (سوعاد ئەلسەباح،) بە کەمێك دەستکارییەوە.
(٢) گۆران.
(٣) عبدالواحید لؤلؤة، مدائن الوهم، شعر الحداثة و الشتات، ریاض الریس للنشر ٢٠٠٢ بیروت.
(٥) د. جابر عصفور، مرفأ للذاکرة ١٥/ ٠٨/ ٢٠٠٨ الحیاة.

## لە کتێبخانەی کوردییەوە

# ئافرەتی کورد

بوار نورەدین

کتێبی (آفرەتی کورد) کە لەنووسینی خوالێخۆشبوو "شاکر فەتاح"ـە و لە ساڵی ١٩٥٨ لە چاپخانەی (مەعاریف) لە (بەغداد) چاپ بووە. لە ٧٨ لاپەڕەی قەوارە (١٤×٢٢ سم) پێکهاتووە و نرخی ٢٠٠ فلس بووە.

لە سەر بەرگی پێشەوە نووسراوە: ((نووسراوێکە، ئامانجی: تێکۆشینێکی مەردانەیە بۆ پێشکەوتنی ئافرەتی کورد، بۆ ڕزگارکردنیان لە بەند و کوتەی ڕەوشت و خووی ڕزیوی کۆمەڵایەتی، بۆ گێڕانەوەی مافی داگیرکراویان)).

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لەم باسە کورتانە پێکهاتووە: ئافرەتی کورد، جوانی ئافرەتی کورد، بەرگ و پۆشەنی، دڵداری و ژن و مێردی، "فڕاندن– هەڵاتن– ڕەدووکەوتن"، داوێن پیسی، ژینی خێزان، مامۆستای ئافرەت، حەپسە خانی نەقیب، قاڵی چن، ڕەوشەن بەدرخان، دیدەوان، سەربەرزی ژنێك، مەردایەتی ژنێك، مەردایەتی لاوێك، سەربەستی، ئافرەتی کود کڵۆڵن، خاوەن کچ لەخوا بترسن، خانمەکەم ژنێکی باش بە، خۆشەویستی و ئارەزوو، دڵدارییەکی ڕەند– خێزانێکی پەسەند، من و تۆ، تاسەی نیگایەك، سەیران، بەهەشتی ژین، گۆرانی نیوەڕۆ، گۆڵی ژن و مێرد، کارەکەر، دزی خێزان، جووڵەی ئافرەتی کورد.




بێگومان هیچ یەکێك لەم بابەتانە، لە لاپەڕە و دوو لاپەڕەدا، باس ناکرێن، بەڵام دیارە لەو کاتەدا قایمقامی زاخۆ بووە، چونکە لە ژێر پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی (شاکر فەتاح– قایماقمی زاخۆ)، لەبەرئەمە، چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی کاریان تێکردووە"هەروەك خۆیشی باسی دەکات"، چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینەی تێدا تۆمارکردووە کە نووسەر بە چاوی خۆی دیونی... ئەمیش لە هەستکردن بە لێپرسراوییەتی، ئەم کتێبەی داناوە... هەر ئەمەشە کە وای لە ئێمە کرد، ئەم کتێبە دەستنیشان بکەین و لەم گۆشەیەدا تیشکی بخەینە سەر.

هەر خۆی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ((مەبەس لەم نووسراوە، تەنیا زانیاری نییە، هەروەها هۆشیارکردنەوە و تێکۆشینیشە. ئەمەوێ بیر و هۆشی نەتەوەی نەژادی کورد ببزوێنم: تا لە ئافرەتی کورد بکۆڵنەوە، بیر بکەنەوە، هۆی دواکەوتن و چارەی پێشکەوتنیشیان بدۆزنەوە...)). لەهەمان کاتدا، تیشك دەخاتە سەر ئەوەش کە ئەگەر کەموکوڕی لە کارەکەیدا هەبێت، بۆ نەبوونی سەرچاوە و کاری پێشتر دەگەڕێتەوە، ئەوەتا دەڵێ: ((جا ئەگەر لە نووسراوەکەمدا کەموکوڕی هەبێت، لەبەرئەوەیە کە هیچ بنج و بناوان و سەرچاوەیەکم دەست نەکەوتووە کەڵکی لێوەربگرم، بەرهەڵستی کۆمەڵایەتیشمان ڕێی نەداوم، باش تێکەڵی ئافرەتانی کورد بکەم تا لە هەموو ڕوویەکەوە تێیان بگەم، ئەوەی نووسیومە تەنها سەرنجدان و لێکۆڵینەوەی خۆمە، دوور نییە لەهەندێ لاوە ناتەواو دەرچێ...)). هەرچەند بەشێك لە سەرنجەکەی لەجێی خۆیدایە، بەڵام پێش ئەویش کار و لێکۆڵینەوەی تر لەسەر "ئافرەتی کورد" کراوە، کە ڕەنگە ئەو بەرچاوی نەکەوتبێتن...

لەسەروو ئەمانەشەوە، جێی خۆی بوو تیشك بخەینە سەر یەکێك لەو کارە بە ئەمەکانەی کە پتر لە نیو سەدەیە، ئاوڕی لە کێشەی ئافرەت داوەتەوە و بایەخی پێداوە.

پێویستە خوێنەران لەمەش ئاگادار بکەینەوە کە خوالێخۆشبوو "شاکیر فەتاح ئەحمەد" لە ساڵی ١٩١١ لە سلێمانی لە دایك بووە و لە ١٩٣٣ کۆلێژی حقووقی تەواو کردووە و دەیان پۆستی ئیداری دیوە، یەکەم کتێبی لە ١٩٣٣ لە چاپ داوە و لە نێوان ١٩٢٧– ١٩٨٤دا، ٦٤ کتێب و نامیلکە و ٢٠٤ وتاری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و ١١٢ وتاریشی لە ڕادیۆی بەغداد، بڵاوکردووەتەوە... تاد. لەهەموو ئەمانەش گرگنتر، لە کۆڕێکی سێ ڕۆژە "١١–١٩٨٨/٣/١٣" کە لە هەولێر بەستراوە... داوای لە حکومەتی ئەوکاتی ئێراق کردووە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورددا، دانوستان بکات و دەستیش لە پاکتاوی ڕەگەزی کورد هەڵبگرێت... هەر لەسەر ئەم هەڵوێستەی دەستگیر دەکرێت و لە ١٩٨٨/٦/٢٧دا لە دائیرەی ئەمنی هەولێر، لە سێدارە دەدرێت (*).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەمەش بکەین کە لەلایەن "ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی"یەوە، کۆی بەرهەمەکانی مامۆستا شاکیر فەتاح لە ژێر ناوی "سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح" کۆکراونەتەوە و لە چەند بەرگێکدا لەلایەن "دەزگای ئاراس"ـەوە، چاپ کراون.

(*) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
**ڕۆژنامەی ژیان، یەکەم بەرگ، ڕەفیق ساڵح– سدیق ساڵح، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٤–٣٥.**

# فێرکردنی بەرنامەڕێژی لەڕێگای کتێبەوە

سەمەد ئەحمەد*

زۆرجار زۆری ژمارەی خوێندکاران‌و فێرخوازان‌و کەمی ژمارەی مامۆستا "بەتایبەتی لەبواری فێرکردنی گەورەکاندا"، وای لەوڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیاو... کردووە کە لەپرۆسەی فێرکردندا ڕێگەیەکی نوێ بگرنەبەر کە فێرخوازان لەفێربووندا پشت بەخۆیان ببەستن، کەبریتی بوو لە (فێربوونی بەرنامەڕێژی– التعليم البرنامجي).

فێربوونی بەرنامەڕێژی، شێوازێکە لەشێوازەکانی فێربوون کە لە ڕێگای کتێب‌و بەکارهێنانی ئامێری تایبەتەوە، ئەنجام دەدرێت.

لەم ڕێگایەوە، فێرخواز فێری ئەو بابەتە دەبێت کە مەبەستێتی، ئەمەش لەڕێگەی دابەشکردنی بابەتەکانەوە بۆ چەند هەنگاوێکی تەواوکەرو یەك لەدوای یەك‌و پەیوەندیدار، بەیەکەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئامانج لێی هەڵنەکردنی فێرخوازە.

لەسایەی ئەم شێوازەدا، فێرخواز چەندین بابەتی زانستی‌و ئەنجامدانی کاری دروست بەدەست دەهێنێت.

* (ولبرگرام) کە پسپۆرێکی بواری فێرکردنە، لەبارەی فێرکردنی بەرنامەڕێژییەوە دەڵێت: "ڕێگەیەکی فێرکارییە کە تیایدا ئامێرو کتێب ڕۆڵی مامۆستا دەبینن لەفێرکردنی فێرخوازدا".

* فەرهەنگی پەروەردەش بەم شێوەیە پێناسەی فێرکردنی بەرنامەڕێژی دەکات‌و دەڵێت: "ئەو ڕێگەیەیە کە کتێب‌و ئامێر لەپرۆسەی فێرکردندا بەکاردەهێنرێت، بۆ یارمەتیدانی فێرخواز، بە بەدەستهێنانی بڕێك زانیاری کە بریتییە لەچەند هەنگاوێکی کورت، بۆ هەر پرسیارێکیش وەڵامێکی دروست‌و ئامادەکراو هەیە، بۆیە هەر فێرخوازێك بەگوێرەی تواناو ئاستی ژیری، دەتوانێت سودی لێ ببینێت.

* ڕێکخراوی یونسکۆش ئاوها پێناسەی ئەم چەمکە دەکات‌و دەڵێت: "یەکێکە لەڕێگەکانی فێرکردن، گرنگی‌و بایەخی لەوەدایە کە پێشوەخت بابەتەکانی فێرکردن ئامادە دەکات، بەپشت بەستن بە دیاریکردنی ئامانجەکانی فێرکردن بەشێوەیەکی ورد".

* لەسەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانە دەتوانین بڵێین: فێرکردنی بەرنامەڕێژی یەکێکە لەشێوازەکانی فێربوونی خودی، کە فێرخواز لەپرۆسەی فێربووندا، پشت بەخۆی دەبەستێت نەك کەسێکی تر، ئەمەش دەبێتە مایەی گەشەپێدانی کەسێتی مرۆڤ، لەڕووی عەقڵییەوە.

### گرنگی فێرکردنی بەرنامەڕێژی

فێرکردنی بەرنامەڕێژی لەچەندین ڕووەوە گرنگی‌و بایەخی بۆ مرۆڤ هەیە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١– لەم ڕێگایەوە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، پشت بەخۆی دەبەستێت.

٢– ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ دەستخستنی زانیاری هەمە لایەن.

٣– لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێك وەکو یەك دەرفەتی ئەوەی نییە کە لەڕێگە تەقلیدییەکانەوە زانیاری بەدەست بهێنێت (بەتایبەتی گەورەکان)، بۆیە ئەم شێوازە ئاسانکاری بۆ مرۆڤ دەکات، بۆ دەستخستنی زانیاری لەچەندین بواری جیاجیادا.

٤– ئەم ڕێگەیە وا لەمرۆڤ دەکات کە زیاتر ئاشنای دنیای تەکنەلۆژیاو ئامێرو داهێنانی نوێ بێت.


هۆڵێکی کتێب لە کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام

٥– ئەم شێوازەی فێربوون دەبێتە مایەی بەهێزکردنی کەسێتی مرۆڤ لەڕووی عەقڵییەوە.

٦– ڕێگەیەکی شیاوە بۆ بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی.

٧– فێرکردنی بەرنامەڕێژی لەبواری پەروەردەدا، بەڕێگەیەکی ئامانجدار دادەنرێت بۆ مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، چونکە بابەتەکانی ئەم شێوازە لەتاقیگەکانی دەروونناسی‌و پەروەردەو فێرکردندا، بەباشی دەرکەوتووەو بەکاردەهێنرێت.

٨– (سکینەر) کە زانایەکی بواری دەروونناسی ئەمریکییە، بەدامەزرێنەری ئەم ڕێگایە دادەنرێت، لەتیۆرەکەی خۆیدا، "ئەم" شێوازەی فێرکردن بەرز دەنرخێنێت‌و پێی وایە کە ڕەفتاری مرۆڤ پشت بەشارەزایی‌و زانیاری‌و وەڵامدانەوەی خێرای پرسیارەکان دەبەستێت کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٩– هەروەها (سکینەر) پێی وایە کە ئەم شێوازەی فێربوون، سوودی زۆری لەزانستی (دەروونناسی ئەزمونیدا– علم النفس التجريبي)دا هەیە ، چونکە ئەم زانستە پشت بەزیرەکی‌و سەرنجدان‌و خێرایی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان‌و کاردانەوەی مرۆڤ بۆ وروژێنەرەکان دەبەستێت.

* مامۆستا لەکۆلیژی پەروەردەی چەمچەماڵ

# پانزە بیرۆکە بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە لە کتێبخانە گشتییەکاندا

و. تابان حەسەن

پسپۆران لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا، کۆکن لەسەر ئەوەی (کتێبخانەی گشتی) لەبەر ئەوە بەم ناوەوە ناسراوە، چونکە خزمەتگوزارییەکانی بۆ هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگایە بەگشتی، بە گەورەو بچووك‌و خوێندەوارو نەخوێندەوارو ژن‌و پیاویانەوە...

کتێبخانەی گشتی، سەرچاوەکانی هەموو جۆرە زانست‌و زانیارییەکی تیادایە، ئەمەش وایکردووە ڕۆڵی ڕووناکبیرانەی خۆی پەخش بکات‌و سوود بەهامشۆکەرانی بگەیەنێت.

لێرەوە، پانزە پێشنیاز دەخەینە بەرچاو کە لەتوانای کتێبخانە گشتییەکاندایە لەپێناوی بەشداریکردنی گەشەی ئارەزووی خوێندنەوەدا ئەنجامی بدات، ئەوانیش:

١–کتێبخانە بچێتە ناو خەڵکەوە، نەوەك هەر چاوەڕێی هامشۆی خوێنەر بێت بۆی، بەو مانایەی کە سیمینارو کۆڕی خوێندنەوەی شیعرو چیرۆك سازبکات، هاوکات نمایش‌و خوێندنەوەی کتێب ئەنجام بدات، هەروەها دەکرێ پێشانگای کتێب لەنێو کتێبخانەدا بکرێتەوە، یان فیستیڤاڵی خوێندنەوەی کتێب بۆ هەموان ئەنجام بدرێت، تاوەکو سەرنجی خوێنەران‌و هامشۆکەران، رابکێشرێت.

٢– بانگێشتی خەڵکی بکات بۆ سەردانی کتێبخانەو سوود وەرگرتن لەسەرچاوەو بەرنامەکانی، تاوەکو لەچاپکراوە نوێیەکان‌و خزمەتگوزارییەکانی بەئاگابن، ئەمیش لەڕێی ئامرازە نوێیەکانی ئینتەرنێت‌و مۆبایلەوە (SMS) ئەنجام دەدرێت.

٣– دابینکردنی سەرچاوەکانی خوێندنەوەی نوێی وەکو ڕۆژنامەی ڕۆژانەو گۆڤارە تایبەتمەندەکان، چونکە ناکرێ خوێنەر بێتە کتێبخانەو سەرچاوەی کۆن ببینێ، هەرچۆن بوونی تۆڕی ئینتەرنێت لە کتێبخانەدا، بووەتە پێویستییەکی گرنگ.

٤–دامەزراندنی ماڵپەڕی تایبەت بە کتێبخانە، کە تیایدا سەرچاوەکانی‌و هەواڵ‌و چالاکییەکانی بخرێتە بەرچاو، تا پرۆسەی پەیوەندیی بەردەوام لەنێوان خوێنەرو کتێبخانەدا بێتە دی.

٥– تەرخانکردنی گۆشەیەك بۆ نووسەرانی ئەو ناوچەیەی کە کتێبخانەکەی لێیە، لەگەڵ نیشاندانی بیبلیۆگرافیای نووسەرەکان، ئەمیش وەك ڕێزگرتنێك لێیان‌و تا خوێنەری زۆریش بۆ ئاگاداربوون لەبەرهەمی نووسەرانی ناوچەکەیان، سەردانی ئەو کتێبخانەیە بکەن.

٦– ڕێکخستنی گەشتی قوتابخانەکان بۆ کتێبخانە، تا ئاشنایی تەواو لەنێوان خوێندکارو کتێبخانەکەدا دروست ببێت، دەکرێ بۆ ئەو گەشتانە سیمیناری تایبەت بۆ خوێندکارەکان "بەمەبەستی هاندانیان لەسەر خوێندنەوە" ئەنجام بدرێت.

٧– ڕێکخستنی خولی تایبەت لەنێو کتێبخانەدا، وەکو خولەکانی ئینتەرنێت‌و بنەماکانی‌و نووسین‌و پرۆسەی خوێندنەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و...تاد.

٨– هاندانی دەوڵەمەندانی نێو کۆمەڵ بۆ کۆمەکی سەرچاوە کاغەزین‌و تەکنیکییەکانی کتێبخانە، لەگەڵ ستایشی هاوکارییەکانیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا.

٩– تەرخانکردنی خەڵاتی مانگانە بۆ هامشۆکەرە دیارەکان (لە خوێنەرو توێژەران)، سێ خەڵات یان زیاتر، لەگەڵ نیشاندانی ناوو وێنەیان لە دەروازەی کتێبخانەدا.

١٠– هاندانی توێژەرو نووسەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەمەڕ ئامانجی کتێبخانە گشتییەکان‌و کارکردن بۆ لەچاپدانیان‌و پێشکەشکردنی پاداشتی مەعنەوی‌و ماددی پێیان، لەگەڵ سازکردنی پێشبڕکێ بۆ نمایشی باشترین کتێبی نێو کتێبخانەکە، ئەمەش خزمەتی گەشەکردنی خوێندنەوەو سەنگین نیشاندانی قەڵەمەکانیان، دەکات.

١١– بەردەوامی بەرهەمهێن لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بۆ بەرزراگرتنی پێگەی سروشتی کتێب لەو کەناڵانەدا، ئەمە ئەرکی ئەمینداری کتێبخانەیە بۆ بزاوتی ڕوناکبیریی.

١٢– بایەخدان بە بەشی منداڵانی کتێبخانە، لەڕێی نواندنی کۆمەڵێ چالاکیی ئاراستە بۆ منداڵان، وەکو بەرنامەکانی چیرۆك خوێندنەوە، یان دیتنی بەرنامەی زانستی‌و ڕووناکبیریی، یان گەڕان بەنێو سەرچاوەکاندا بۆ وەدەستخستنی وەڵامە دیاریکراوەکانیان‌و ...تاد، ئەمانە بەتایبەت لەپشووی هاوینەدا ئەنجام دەدرێت، تا منداڵ لەقۆناغی منداڵیی خۆیەوە "تا گەورەو پیردەبێ" لەسەر ئارەزووی خوێندنەوە ڕابێت.

١٣– دابینکردنی خواستی خوێنەر بۆ خوێندنەوە، ئەویش بە لێکۆڵینەوە لەسەر حەزو بایەخیان، چونکە ئامانجی کتێبخانەی گشتیی خزمەتکردنی خوێنەرو پێشکەشکردنێتی بەو سەرچاوانەی کە گەشە بەتوانای مەعریفیی دەدەن.

١٤– چارەسەر بەخوێندنەوە (بیبلیۆتیراپیا)، کە واتای پێشکەشکردنی کتێبی هەڵبژاردە دەگەێنێت بەوانەی نەخۆشیی جەستەیی، یان دەروونییان هەیە، بەمەرجێ خودی ڕێبەری ئەم کارە خوێندنەوەی لا خۆشەویست بێت‌و بتوانێ خواست‌و کێشەی بەرامبەرەکانی، بەخوێندنەوە چارەسەربکات.

١٥– تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ میوانداریی ئەدیب‌و نووسەران، تا ڕووبەڕوو لەگەڵ خوێنەراندا دیالۆژی ڕاستەوخۆ بکەن‌و سوودی تەواو لەئەزموونی خوێندنەوەو نووسینیان وەربگرن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (البلاد) سعودي.


هۆڵی گۆران لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# زانستی پێڕست و دۆکۆمێنتاری

## "بەشی دووەم"

ن/ د. شاکر السعید

و/ یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا

### مەبەستەکانی پێڕست

هەروەك Cutter لە (بنەماکانی پێڕستی فەرهەنگی)دا ئاماژەی بۆ کردووە، مەبەستەکانی کاری پێڕست لەمانەدا کۆدەبنەوە:

**یەکەم:** یارمەتیدانی توێژەر بۆ دۆزینەوەی کتێب (واتە سەرچاوەی کتێبخانەیی) کە بەمجۆرە دەناسرێ:

ا- ناوی نووسەر Author

ب- ناونیشان Title

ج- بابەت Subject

**دووەم:** دیارخستنی هەموو بابەتەکانی کتێبخانە، لە:

أ- بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو (لەڕێی پێرستی نووسەرانەوە- Author Catalog).

ب- بابەتێکی دیاریکراو (لەڕێی پێرستی بابەتەکەوە- Catalog Subject) یان (پێرستی پۆلێنکراووە- Classified Catalog).

ج- ژانر یان چەشنێکی ئەدەبیدا (لەڕێی دەروازەی چەشنەکانو زمانەکاندا).

**سێیەم:** توێژەر بتوانێ کتێب هەڵبژێرێت بەپێی:

أ- سروشتی خۆیو ئارەزووی.

ب- خەسڵەتە ئەدەبیو بابەتییەکانی، لەڕێی ئەو زانیارییانەوە کە کارتی پێرست دەیانگرێتە خۆی.

بەڵام (ڕێساکانی پاریس)[٥] کە ئەرکی پێرست بۆ نووسەرو ناونیشان دیاری دەکات بەبێ بابەت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەو کەوا دەبێ پێرست ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ دڵنیابوون لە:

١-بوونی کتێبێکی دیاریکراو لە کتێبخانەدا کە ناوی نووسەرو ناونیشانەکەی بزانرێت، ناونیشانەکە بەتەنیا بۆ ئەو کاتەی ناوی نووسەر نەزانرێ، یان ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ ناونیشانەکە دابنرێ، گەر ناوی نووسەرو ناونیشان روون نەبن، بۆ دۆزینەوەی کتێبەکە.

٢- بەرهەمە بەردەستەکانی نووسەرێکی دیاریکراو لەکتێبخانەدا.

٣- چاپە بەردەستەکانی کارێکی دیاریکراو لەکتێبخانەدا.

### لەمانەوە دەتوانین ئەرکەکانی پێڕست لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە

- ڕێبەریکردنی توێژەر یان خوێنەر بۆ سەرچاوە کتێبخانەییەکان کە لەبەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو لەکتێبخانەدا هەبن.
- ڕێبەریکردنی توێژەر یان خوێنەر بۆ کتێبێك یان هەر بابەتێکی کتێبخانەیی تر کە تەنیا ناونیشانەکەی بزانێت.
- پێرست وەك ئامرازێکی بیبلیۆگرافی رۆڵی دەبێت بۆ دۆزینەوەی هەر زانیارییەکی دیاریکراو سەبارەت بە هەر بابەتێك لەسەرچاوەکانی کتێبخانە وەکو: جێگای بڵاوکردنەوە، بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوەو ژمارەی لاپەڕەکانو...تاد.
- بەرچاوخستنی خوێنەر بەوێنەیەکی بچووكو پێشوەختی بابەتە کتێبخانەییەکان بەر لەبەکارهێنانیان.

شایانی باسە، سوودی پێرست بەتەنیا بۆ کۆمەڵی سوودمەندان لەکتێبخانە نییە، بەڵکو بۆ خودی کارمەندانی کتێبخانەشە لە بەشەکانی تەزویدو خواستو سەرچاوەکانو بەشەکانی دیکەی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی.

### جۆرەکانی پێڕست Teyes of Catalog

پێرست لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش "دەروازە" و "وەسف"، دەکرێ دەروازە ناوی نووسەری بەرهەمەکە، یان ناونیشانەکەی بێت، لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی ئەو دەروازانە بیروڕای جیاواز هەبووەو ئەوەش وایکردووە پێرستەکان جیاوازبن لەیەکتر، دەتوانین لەم جۆرانەداکۆیان بکەینەوە:

**یەکەم: پێرستی نووسەران** Aythor Catalog

لەم پێرستەدا کارت یان دەروازەی سەرچاوەی زانیارییەکان بەپێی (هیجایی) واتە بەپێی ناوی نووسەرەکان ڕێکدەخرێن، هەرچۆن تیایدا دەروازەی دیکە هەیە بۆ ناوی نووسەرە بەشدارەکانو وەرگێڕەکانو لێکۆڵینەوەکانو نیگارکێشەکانو...تاد، ئەمەش گرنگترین پێرستە لەنێو کتێبخانەکاندا.

کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە کە مەحاڵە کتێبخانەیەك پێرستەکەی تەواوبێت بەبێ بوونی پێرستی نووسەران، چونکە کتێبخانە زۆرن کە بەبێ بوونی پێرستی بابەتی، کاروباریان دەڕوات بەڕێوە، بەڵام بەبێ بوونی پێرستی نووسەران وەها نابێت.

بایەخی پێرستی نووسەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:

- ناوی نووسەر سیمای دیارە بۆ ناسینەوەی کتێب، ناوی "ئەو" وابەستەی کتێبەو ئەمە مشتومڕ هەڵناگرێت.
- پێرستی نووسەران لەتوانایدایە سەرجەم بەرهەمەکانی نووسەرێك لەیەك جێگادا کۆبکاتەوە بەناوی خۆیەوە، ئەمە لەهیچ جۆرە پێرستێکی تردا نایەتە دی.
- ئەو تەکنیکانەی بەگشتی کاریان لەسەر دەکرێت، هەموو پەیوەستن بە دەروازەی نووسەرەوە، ئەمە لەگەڵ دەروازەی بابەتیدا بەو جۆرەوە نییە.

پێرستی نووسەران لەخزمەتی توێژەردایە کە ناوی نووسەر دەزانێ، لەسەرجەم پێرستەکاندا ئەم جۆرە بەکەڵکی هامشۆکەرانی کتێبخانە دێت، تەنانەت بۆ بەردەستی کارمەندانیشی.

تەنیا گرفت لە کتێبخانەی عەرەبیدایە کە گەڕان بەدوای ناوە کۆنەکانی وەکو (الکندي، ابن الندیم، ابو تمام و حافظ) کارێکی زەحمەتە.

هەرچۆن لەکاتێکدا گەڕان بەشوێن دەروازەی دامو دەزگاکاندا کە بەناوی وەزارەت یان زانکۆ یان ڕێکخراوەکانەوە دەبن، کارێکی قورسە، هاوکات نەزانینی ناوی تەواوی نووسەرانی وەك (عباس العقاد)، یان (عباس محمود العقاد) کێشەی تێدەکەوێ، کە هەردوو ناوەکە یەك کەسن.

**دووەم: پێرستی ناونیشان** Title Catalog

ئەو پێرستەیە کە تیایدا کارتەکان یان دەروازەکان ڕێکدەخات بەپێی پیتەکانی (هیجایی) واتە بەپێی ناونیشانی سەرچاوەکانی کتێبخانە، هەرچەندە بەهاو بایەخی پێرستی ناونیشان بەرامبەر بایەخی پێرستی نووسەران نییە، بەڵام بۆ توێژەر زۆر بەسوودە، هەروەها بۆ ئەو خوێنەرانەش کە بێجگە لەناونیشانەکە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی بابەتی کتێبەکە نازانن.

ئەم جۆرە پێرستە بەوە جیاوازە لەوانی دی کە بە ئاسانی بەکاردێت، بە بەراورد لەگەڵ پێرستەکانی ترو بەتایبەتیش پێرستی نووسەرانو پێرستی بابەت، هەرچۆن بایەخی تایبەتی لەکتێبخانەی عەرەبیدا هەیە، چونکە ناونیشانی کتێب زۆر گرنگەو زۆربەی جار کورتەو دانسقەیەو بیرکەوتنەوەیان ئاسانە، هەرچۆن داڕشتنیان رەوانو خۆشئاوازە لە گوێدا، وەکو (نفح الطیب في غصن الأندلس الرطیب).

**سێیەم: پێرستی بابەت** Subject Catalog

ئەو پێرستە کە کارتەکان یان دەروازەکان تیایدا بەپێی پیتەکانی هیجاو بەگوێرەی (سەرە بابەتەکان) ڕێکدەخرێن کە سەرچاوە کتێبخانەییەکان دەگرنەخۆ، سەربابەتیش وشەیەك یان چەند وشەیەکە، یاخود رستەیەکەو گوزارشت لە بابەتی کتێب یان دوکیۆمێنت دەکاتو لەتوانادایە لەژێریدا لەپێرستدا بەشێوەی ڕێکخستنی هیجایی ڕێکدەخرێن.

ئەم جۆرە پێرستە لەکتێبخانەو سەرچاوەکانی زانیاریدا (کتێب، راپۆرت، توێژینەوە، نامەی زانکۆییو فیلم)دا بەسوودن بۆ گەڕان بەشوێن بابەتی دیاریکراودا.

دیسانەوە لەروونکردنەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا رۆڵی دەبێت، لەگەڵ سوود وەرگرتن لێی لەئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای بابەتیدا بۆ مەبەستە جیاوازەکان.

بەڵام خەوشی پێرستی بابەت لەوەدایە کە خوێنەرو توێژەران سەرە بابەتە وەرگیراوەکان کە لەکتێبخانەدا بەکاردێن نازانن، یان ئەو شێوەیەی بابەتیان پێ خراوەتە ناو پێرستەوە، هەروەها ریزبەندی هیجایی سەرە بابەتەکان وادەکەن دوورکەوتنەوە هەبێت لەنێوان بەشەکانی بابەتێکدا، ئامادەکردنیان لەلایەن پێرستکارانەوە کاری زیاتری دەوێت.

**چوارەم: پێرستی فەرهەنگی** Dictionary Catalog

ئەو پێرستەیە کە لەیەك ریزبەندیی هیجایی دا هەموو کارتەکان، یان دەروازەی نووسەرو ناونیشانو بابەتەکان کۆدەکاتەوە، بێ دابڕکردن لەنێوان جۆری جیاوازیی سەرەبابەت یان کارتەکاندا، ئەم پێرستە بەوە ناسراوە هەموو ئەگەرەکان پێشکەشی خوێنەر یان توێژەر دەکات، هەرچۆن پێرستەکانی کتێبخانەش هەڵناوەشێنێ بۆ سێ پێرست، بەوەش کات دەگێڕێتەوە بۆ کارمەندانی کتێبخانەو هامشۆکەرانی، هاوکات ئەم جۆرە پێرستە، جێگایەکی بچووك لە کتێبخانەدا دەگرێت، بایەخی بەشێوەیەکی کارا لەکتێبخانە بچووکەکانداو بەتایبەت لەکتێبخانەی خوێندنگاکاندا، دەردەکەوێت.

ئەم جۆرە، بەزۆری لەکتێبخانەکانی ئەمریکادا کاری لەسەر دەکرێ، لەبەر چەند هۆیەك، دیارترین کارکردنی کتێبخانەی کۆنگرێسە لەسەرییو ئەمەش کاریگەریی لەسەر کتێبخانەکانی تر هەیە، بەتایبەت ئەوانەی کارتی پێرستی ئامادەکراو لە کتێبخانەی کۆنگریس دەکڕنەوە، بەڵام کتێبخانەکانی ئەمریکا، هاوبەشیی کتێبخانەکانی دیکەی جیهان بەو ئاراستەیە پەسەند ناکەن، کتێبخانە گەورەکانی ئەورووپا پەیڕەوی سیستەمی پێرستە جۆراوجۆرەکانی تر دەکەن، چونکە گرانیی بەکارهێنانی پێرستی فەرهەنگی وایکردوە پەنا بەرنە بەر هەرسێ پێرستی (نووسەرانو ناونیشانو بابەت)، یان دووان لەو پێرستانە، زەحمەتیی بەکارهێنانی ئەو پێرستە لە زۆریی هەڵاوێردی کارتەکانو لەیەکچوونی دەروازەی نووسەرو ناونیشانو بابەتە لەهەندێ جاردا، کەوا دەکەن سەر لەخوێنەر بشێوێت.

**پێنجەم: پێرستی پۆلێنکراو** Classified Catalog

کارت یان دەروازەکان لەم جۆرەدا بەپێی ریزبەندییەکی لۆژیکی ڕێکدەخرێن، یان بەپێی هێماکان، یاخود ژمارەی پۆلێنی پەیڕەوکراو لەکتێبخانەدا، ئەم پێرستە لەسێ بەش پێکدێت:

١-بەشی پۆلێنکراو.

٢-ڕێبەری هیجایی نووسەران یان ناونیشان.

٣- ڕێبەری هیجایی سەرەبابەت.

ڕێبەرەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ ڕێکدەخرێنو لەسەریەك شێواز ئەنجام دەدرێن، ئەم جۆرە پێرستی پۆلێنکراوە بەوە تایبەتمەندە کەوا:

- سیستەمی لۆژیکی تایبەت دەردەخات بەپلانی پۆلێنی بەکارهێنراو لە ڕێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا.
- دەتوانرێ هەر کۆمەڵەو بەشێك وەك پێرستی تەواو بۆ ئەو کۆمەڵەو بەشە، لەچاپ بدرێت.
- ریزبەندیی کردنی دەروازەکان وادەکات خۆ بەهیچ زمانێکەوە نەبەسترێتەوە، ئەمەش ڕێگا خۆشدەکات بۆ دۆزینەوەی پێوەری نێودەوڵەتیو هاریکاریی تەواو لەبواری پێرستدا.
- یارمەتیدەر دەبێت بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی بابەتێکی دیاریکراو بەڕێگایەکی سوودبەخش بۆ توێژەرو خوێنەر، هەرچۆن رووپێویی بوارەکانی بەرهەمی فیکریی وەکو فەلسەفەو زانستەکانو...تاد، دەکات.
- ئامادەکردنو ڕێکخستنی لەدیدی پێرستکارەوە کارێکی ئاسانە، چونکە بەرهەمی کارێکە کە پێرستکار دەیکاتو لەوەوە هەر خۆیشی پۆلێنی کتێبی کردووە.
- ئەم جۆرە پێرستە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئاشکراکردنی خاڵەکانی بەهێزیو لاوازییو لەسەرچاوەکانی کتێبخانەدا.

لەلایەکی تروە، پێرستی پۆلێنکراو کەموکورتیی زۆری هەیە، وەکو: بەهۆی گۆڕانی زانستەکانو گەشەکردنیان، گۆڕینی زۆری بەسەردا دێت، هەروەها توێژەر بۆ بەکارهێنانی پێویستی بەزانیاریی تەواو دەبێ لە سیستەمی پۆلینکردندا کە لەکتێبخانەدا پەیڕەو دەکرێ، لەگەڵ پێناسە وردەکانی، هەربۆیە شێوازی ڕێکخستنی پێرستی پۆلینکراو لای سوودمەندان، بەدحاڵی بوونی تێدەکەوێ.

لە کەموکوڕییەکانی تر، پەیوەندی کاریگەرییەتی لەگەڵ چۆنێتی پلان، یان سیستەمی پۆلینکردنی بەکارهێنراو لەکتێبخانەدا، ئەگەر سیستەمی پۆلێنکردنەکە باش بوو ئەوە لەپێرستی پۆلێنکراودا رەنگدەداتەوە، ئەگەر خراپیش بوو بەپێچەوانەوە دەبێ، ئەمە بێجگە لەوەی سیستەمی نموونەیی بۆ پۆلێن نییەو ئەوەی هەن پڕن لەکەموکوڕتی.

بەڵام قوتابخانەی ئەورووپی پەیڕەوی ئەم جۆرە پێرستە دەکات، لەبەرئەوەی بایەخی گەورە بەگێڕانەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانی کتێبخانە دەدات، ئەوان سوورن لەسەر ئەو پێرستە بەو پێیەی کەوا زمانی پۆلێنکردن بووەتە زمانێکی جیهانی لەئێستادا، پاشان ئەو گرفتە زمانەوانییانەی دێنە بەردەم پێرستەکانی تر، لەمیاندا بەو جۆرە نییە.

### شێوەکانی پێڕست

پێرست گەلێ جۆری هەبووە، هەندێکیان فەرامۆشکراونو هەندەکەی تر تائەمڕۆ کاریان لەسەر دەکرێت، دیارە شێوەی نوێی ئامێرسازیی (میکانیکی) رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لەبوارەکەدا دەردەکەوێ، دەتوانرێ پێرست بەپێی شێوەو کەرەستەکانیان بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا دابەشبکرێن:

- پێرستی کتێب.
- پێرستی کارت.
- پێرستی کونکراو.
- پێرستی بینراو.
- پێرستی میکانیکی.

دەبێ کتێبخانە یەك شێوەی مادیی دیاریکراوی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ پێرستەکانی، دەشێ هەڵبژاردنەکە تەنیا لەلاسایی کردنەوەوە سەرچاوە بگرێت، لاسایی شێوەی بەکارهێنراو لەکتێبخانە هاوشێوەو نزیکەکانەوە، یان دوای وردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەلتەرناتیڤی گونجاو، هەروەها دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە هەر شێوەیە تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لەوانی تر جیای دەکاتەوە، بەڵام باشسترین شێوەی پێرستەکان ئەو پێرستەیە کە ئەم خەسڵەتانە لەخۆ بگرێت:

١-لەباریی، بەشێوەیەك ڕێگە بە جێکردنەوەی دەروازەی نوێ بدات، یان بواری لابردنی بدات بەئاسانی، ئەوەش لەپێناوی پاراستنی بەردەوام نوێکردنەوەی.

٢-ئاسانیی بەکارهێنانیو خێرایی هەڵڕەخساندن بۆ زیاد لە توێژەر یان خوێنەر لەیەك کاتداو توانای روانینە چەند دەروازەیەك لەیەکجاردا.

٣- تێچوونی کەم لە ئامادەکردنو چاککردنەوەیدا لەڕووی ئابوورییەوە.

٤-بچووکی ئەو جێگایەی لەکتێبخانەدا داگیری دەکات.

٥-ئاسانیی بۆ هەڵگرتنو گواستنەوەی لەنێو کتێبخانەو دەرەوەیدا.

٦- توانای ئامادەکردنی چەند دانەیەك لێی بەکۆششو پارەیەکی کەم.

٧- هامشۆکەر لای گونجاو بێتو شێوەشی پەسەندبێت.

٨- گرتنەخۆی ڕێنمایی تایبەت بەچۆنێتی بەکارهێنانی.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library    NO. 6 – 13/3/2010


## لەپیشانگای لایزیگدا بایەخ بە منداڵو گەنجان دەدرێت


وێنەیەك لە پیشانگای لایزیكەوە

القبس الكويتية

ئەمساڵ، پیشانگای کتێبی لایبزیگی نێودەوڵەتیی لەئەڵمانیا، بایەخی زۆر دەداتە گەنجانو منداڵان.

رێکخەرانی رایانگەیاندووە کە ٢٥٪ی پیشانگای ئەمساڵ تەرخانە بۆ سەرچاوەکانی ئەدەبیاتی منداڵانو گەنجان، هاوکات رێگا بەوان دەدرێت بەشداریی گفتوگۆی نووسەرو ئەدیبان بکەن لە رۆژانی پیشانگاکەدا، کەبریار وایە ٤٠٠ سیمینارو وۆرك شۆپو چالاکی دیکەی رۆشنبیریی لەخۆبگرێت، تا فێری دیالۆژ بن لەگەڵ ئەستێرەکانی نووسینو ئەدەبدا.

وا چاوەڕوان دەکرێت لەپیشانگای ئەمساڵی لایبزیگدا کە (لە ١٧ تا ٢٠ی ئەم مانگە دەکرێتەوە) ٣٠ هەزار منداڵو لاو بەشداریی تیادا بکەن.

## لەسەرەتای ساڵەوە

## سەدان چاپکراو بۆ کتێبخانە گشتییەکان

بەشی چالاکیو دابەشکردنی کتێب لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێی راگەیاندین کە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵ، دابەشکردنی خولاوەکانو کتێب بەسەر کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەمشێوەیە بووە:

دابەشکردنی (١٣٠) گۆڤارو (٧٥٠) کتێبی جۆراوجۆر بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کۆیە، رانیە، گەرمیان، چەمچەماڵ، کەرکوك، لەم کتێبانە (٧١٦) دانەیان لە بەڕێوبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی هەولێر پێمان گەیشتبوونو (٦٠) دانەشیان دیاری نووسەران بوون بۆ کتێبخانە گشتییەکان.

ئەمانە وێڕای چاپکراوی دیکە، کە بەشێکیان لەسەر بودجەمان کڕاونو لەمانگی شوباتدا بەسەر کتێبخانەکاندا دابەشکراون.




## چاکسازی ژمارەکانی پۆلینی دیوی

## لەسیمینارێکی پەیمانگای تەکنیکیدا

رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٨، بەشی زانیارییەکانو کتێبخانە لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی سیمینارێکی بۆ بەڕێز شێرزاد سەعید محەمەد مامۆستای بەشەکەو راوێژکاری بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە) ساز کرد و تیایدا باسێکی بەناونیشانی (هەندێ پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژمارەی پۆلینی بابەتەکانی ئەدەبو زمانو مێژووی کورد لە پۆلینی میلڤل دیوی) دا پێشکەش کرد.

لەسیمینارەکەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاو پسپۆرانی بوارەکەو خوێندکاران ئامادەی بوون، خاوەن باس دوای ئاوڕدانەوە لە زانستی زانیارییەکانو کتێبخانە، بەوردی باسی لەسیستمەکانی پۆلێن کردو لە درێژەی بابەتەکەیدا چەند ژمارەیەکی نوێی بۆ بوارەکانی زمانو ئەدەبو مێژووی کورد پێشنیازکرد، دواتریش ئامادەبووان بەگفتوگۆیان لەسەر بابەتەکە، سیمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، (ئاسۆی کتێبخانە) لەژمارەی داهاتوویدا پوختەی ئەم سیمینارەو یاداشتنامەیەکی پەیوەست پێیەوە دەخاتە بەرچاو.

## شەکسپیر

## لە کتێبخانەی فولجەری واشنتۆندا



کتێبخانەی فولجەری تایبەت بە ولیەم شەکسپیر لە واشنتۆن دی سی، گرنگترین کتێبەکانی شارستانیی بەریتانی لەنێوان ساڵانی ١٤٨٥–١٧١٥ گرتووەتە خۆ، لەوانە (٢٣٠) هەزار بەرگ لەو کتێبانەی سەبارەت ئەو کەڵە نووسەرەی ئینگلیز نووسراون.

لەم کتێبخانەیەدا کە ساڵی ١٩٣٠ دامەزراوەو کتێبە بەنرخەکانی لەو دۆڵابانەدا پارێزراون کە بەرگەی رووداوی ئاگر کەوتنەوە دەگرن، کۆمەڵێ شتی دەگمەنو جێبایەخی سەردەمی شاژنە ئەلیزابیسی یەکەمیش پارێزراون، لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە توێژەرانی بواری ئەدەبیاتو مێژوو رووی تێدەکەن، بەتایبەت ئەوانەی لە بەرهەمەکانی شەکپیر دەکۆڵنەوە.

الموسوعة المعرفية الشاملة





سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران: ئاری بابان – شێرزاد سەعید

ستافی کارا: ساکار عەلی عەبدوڵلا – بوار نورەدین – تابان حەسەن

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی: بەیان عەلی – بەهرە عیزەدین

کارگێڕی: ئاشتی عوسمان دانش

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٠٥٣٣١٢٢٧١٦ / ٠٧٥٠١٥٢٧٣٣٧

Email: asoyktebkhana@yahoo.com